

# ژیلا حوسەینی، هەورێکی لە تینوواندا خنکاو

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- ژیلا حوسێنی.......................................................... لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ..... ٣

٢- ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوردیدا.......................... وریا رەحمانی ..... ٨

٣- ژیلا ئەوینداری زمانی کوردی و کوردوستان بوو................................................ دکتور هیوا پەناهی ..... ١٠

٣- دۆزەخێک لە ئازارەکانی ژنانی کورد...لە چیرۆکی (زستان)ی ژیلا حسەینی.................... سوهەیب فارووق ..... ١٣

٤- ژیلا حوسەینی، هەورێکی لە تینوواندا خنکاو.............................................. حەمەسەعید حەسەن ..... ١٧

٥- ژیلا حوسێنی.. پێشەنگی ژنە شاعیرە نوێخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.......................... ستار جەباری ..... ٢٥

٦- ژیلا حوسێنی، قەڵەمێک بە چەشنی ئازاری گەل...................................................... هێلین ڕەشید ..... ٣٠

٧- سووکە ئاوڕێک لە ژیانی ژنەشاعیری کورد ژیلا حوسێنی.................................. پایگاە خبری هاژە ..... ٣٢

٨- شاعیری لیریکی شیعر چەشنی میلۆدراما.................................................. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ..... ٣٥

٩- دەنگێکی ژنانەی ئەدەبی کوردی........................................................ ئامادەکردنی: مستەفا فاتیح ..... ٤٠

١٠- "پرسیار" لە شاعیری خۆشەویست ژیلا حوسێنی، کتێبی گەشەی ئەوین............................ شەهلا دەباغی ..... ٤٥

١١- شیعری «ژیلا» شێرکۆ بێکەس- بۆ کۆچی دوایی ژیلا حسەینی.......................................................... ٤٨




# ژیلا حوسێنی



لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

**ژیلا حوسێنی** (لەدایکبووی ١٩٦٤ لە سەقز - مردووی ١٩٩٦ لە ڕێی تاران نزیک دێولان) شاعیر و نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە بواری شیعر و ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت شیعری نوێی کوردی بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کرد و بە یەکەم ژنێک پێناسە دەکرێ کە شیعری نوێی کوردی هۆنیبێتەوە.[٣]

## ژیان

ژیلا حوسێنی کچی شێخ مێهران لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٤ (٣١ی خەرمانانی ١٣٤٣ی هەتاوی) لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەردا لە دایک بووە. باوکی مامۆستای قوتابخانەی گوندی حانەمیران بووە بەڵام پاش شەش ساڵ لە کۆلێژی یاسای زانکۆی تاران وەردەگیرێ و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەوێ نیشتەجێ دەبن و دواتر بە هۆی کاری باببییەوە لە شارە جیا جیاکانی کوردستان وەکوو بانە، کامیاران، مەریوان، سەقز و سنە دادەنیشن. ژیلا لە پۆلی یەکی دواناوەندی واز

لە خوێندن دێنێ و لەگەڵ (وەفا حوسێنی) ژیانی هاوسەرگیری پێک دێنێ، بەڵام پاش پێنج ساڵ و لە تەمەنی بیست ساڵیدا جیا دەبێتەوە؛ بەرهەمی ئەم ژیانە کچێک دەبێ بە ناوی (بەهار) کە ئێستا لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێیە. دوای ئەوە ژیلا درێژە بە خوێندن دەدات و لە بەشی کوردی ڕادیۆ سنە لە بەرنامەی (ئێمە و گوێگران) دادەمەزرێ و هاوکات پەرە بە کوردییەکەیشی دەدات.

ژیلا بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ (شاهروخ نەوسوودی) ژیانی هاوبەش پێک دێنێ کە ئەم ژیانە نوێیەی لە هەمبەر چالاکییە ئەدەبییەکانیدا دەبێتە بەربەست بەڵام کۆڵ نادات و لێیان بەردەوام دەبێ. بەرهەمی ئەم ژیانەیش کوڕێکە بە ناوی (ڕامین) کە هەنووکە لە سنە نیشتەجێیە. حوسێنی لە کۆڕ و کۆ بوونەوە ئەدەبی و کولتوورییەکاندا بەتایبەت لە ئەنجومەنەکانی شاری سنە و سەقز بەردەوام بەشداری دەکرد. دوایین چالاکییەکانی ژیلا لە شاری سەقز بوو کە بە وتارێکی ئەدەبی و توێژینەوە لە کۆنگرەی مەولەوی کورددا بەشداری کرد و هەروەها بۆ کۆنگرەی فەرزانەگان کە لە شاری سنە بەڕێوە چوو، وتارێکی سەبارەت بە ڕوانگەی نوێخوازیانەی سوارە ئیلخانی زادە ئامادە کردبوو بەڵام لە کاتی بەڕێوەچوونی سمینارەکە جێگەی ژیلا حوسێنی بە گوڵ نەخشێنرابوو و هاوڕێیەکی بە ناوی (کولسووم عوسمان پوور) وتارەکەی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

**ژیلا لە بەرەبەیانی هەینی ٦ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی (٢٧ی ئەیلوولی ١٩٩٦ی زایینی) هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی کە دەیانویست بۆ بینینی شێرکۆ بێکەس بچنە شاری تاران لە ڕێگادا تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ماشێن دەبن و بە تەمەنێکی کەم و کارامەی ٣٢ ساڵییەوە لەگەڵ کچە دە مانگەکەی (ژینا) گیانیان لە دەست دەدەن.**

کوردستان ژنە شاعیرێکی بواری ئەدەب و گەشە کۆمەڵایەتییەکانی لە کیس و خەسار چوو. هەواڵی مەرگی ژیلا حوسێنی سەرەڕای نەبوونی دەستگای ڕاگەیاندنێکی ئەوتۆ زۆر زوو بە وڵاتدا بڵاو بۆوە و شاری سەقزی کردە پاپۆڕی لایەنگرانی شیعری کوردی و شیعری ژیلا. دوای مەرگی ژیلا زۆریەک لە شاعیران و نووسەران وەک شێرکۆ بێکەس، مارف ئاغایی، نەجیبە ئەحمەد، مەهاباد قەرەداغی و هتد خەم و پەژارەی خۆیان بۆ ئەم کارەساتە بە نووسین دەربڕی. لە ماوەی سێ ڕۆژ پرسە و سەرەخۆشیدا کە لەلایەن بنەماڵەی ژیلا و ئەندامانی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەولەوی کورد لە شاری سەقز بەڕێوە چوو هەموو ئەندامانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی شارەکانی سنە، مەریوان، بانە، مەهاباد و بۆکان بەشدارییان کرد. هەروەها گەلێک کەسایەتی ناودار و ناسراوی وێژە و ئەدەبی کوردی بە پیری ئەو کۆستە گەورە و خەمی بنەماڵەکەی و ئەدیبان و خەڵکی شاری سەقزەوە هاتن و تەرمی ژیلا و کچۆڵەکەیان لە گۆڕستانی دۆزەغەرە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەقزدا لە تەنیشت باو و باپیرانی بە خاک ئەسپەردە کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## نموونەی شیعری

### بڕیار!

ئێستا ئەڕۆم
بەڵام ڕۆژێکت زانی هاتمەوە
ئەمجارەیان بە دەستێکم هەتاو
بەو دەستەکەم زەریام پێیە
ئەمجارەیان
هەرچی هەیە
لە بەرز و نزمایی جیهان ئاگام لێیە
لەیرەکانە دڵم تەنگە
هێندە سڕی بیرە کۆنەکەی جارانی
گەر ئاگر بم
دەنگی وشەم چەن دلێر بێ
تۆ لە خەونی خۆڵەمێشیت هەڵناسێنێ
وەڕەز بووم
ئێستا ئەڕۆم
بەڵام بڕیار بێ بێمەوە
ئەمجارەیان لەگەڵ خۆما
پڕ بە جانتای شیعرەکانم
هیوا و شادی و پێکەنینت بۆ بێنمەوە.
شیعری شێرکۆ بێکەس بۆ ژیلا

شێرکۆ بێکەس پاش کۆچی دوایی ژیلا ئەم شیعرەی پێشکەش کرد

### ژیلا!

هاوار هاوار

ئەرێ نازانن لە کوێیە؟!
ئەرێ توخوا نەتاندیوە؟!
لە ملەکانی شاهۆوە
پەرییەکی قژ نارنجی نیوەی شەو و نیوەی هەتاو
پەرییەکی شیعری حافیز نیوەی گوڵ و نیوەی تەرزە
کچی تەم و کچی باران هات داگەڕا
گەیشتە لام و پێی وتم
من خۆم دیومە
ژیلا بووە بە شەتاوێ لەو کاوانە و
ژیلا بووە بە چنووڕێ لە کەژانە و
ژیلا بووە بە ماسییەکی باڵداری ناو زرێبار
من خۆم دیومە
ئیسە ئەو لەناو هەورایە و
لەسەر کورسییەکی بەرزی ئەرخەوانی دانیشتووە و
بە گزم شیعر دەنووسێ و
کراسێکی هاودامانی مانگە شەوی لە بەرایە
من خۆم دیومە
بووە بە کۆترە شینکەیەک لەو ماهیانە و
گمەگمی ئەوینییەتی و هەر شەقژنی برینییەتی و
هەر چاوە چاوی بینینی باڵای شیعرێکی تۆیەتی و
ملۆانکە بلووری ئەستێرەی لە ملایە.

## بەرهەمەکان

یەکەم بەرهەمی دەستنووسی ژیلا حوسێنی چیرۆکی (بەرباد ڕەفتە)یە کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی و دواتر ژیلا خۆی زۆر تامەزرۆی چاپ کردنی نەبووە هەر بەو پێیە ئەوەڵین بەرهەمەکانی ژیلا بە زمانی فارسی بوون هەتا سەرەتای ساڵەکانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ هەتاوی کە لە بەشی کوردی ڕادیۆ سنە دەستی بە کار و تێکۆشان کردووە. ئەوە بەو مانایە نییە کە ژیلا ئاشنای ئەدەب و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی نەبووە؛ ئاشکرایە زۆر بە جوانی شارەزای هەموو بەیتە کوردی و ئاشنای زۆربەی شیعر و شێوازی شیعری شاعیرانی کورد بووە و هەمیشەیش شانازی پێوە کردوون و لەو بوارەیشدا قەڵەمەکەی خستووەتە گەڕ و گەلێک بەرهەمی لە دووتۆی کتێب و دەفتەرێکدا پێشکەش بە دیوەخانی وێژە و ئەدەبی کوردەواری کردووە

**کە بەرهامەکانی بریتین لە:**

گەشەی ئەوین دەفتەرە شیعر، یەکەم بەرهەمی شاعیر).

قەڵای ڕاز (دیوانە شیعر و چەند چیرۆکێک کە ساڵی ۱۹۹۹ پاش مەرگی چاپ کراوە) و لە سێ بەش پێک هاتووە:

١- پاشماوەی شیعرە کوردییەکانی

٢-هەڵبژێردراوی کورتیلە چیرۆکە کوردییەکانی

٣- کۆمەڵە شیعرێک بە زمانی فارسی بە ناوی (باران(

- داوای لێبووردن (وەرگێڕانی چیرۆکی سادق هیدایەت کە لە گۆڤاری ڕاماندا لە هەولێر بڵاو بووەتەوە).

- دزیرە (وەرگێڕانی ڕۆمان لە فارسییەوە بۆ کوردی کە هەڵبەت تەواو نەکراوە).

- چەتر (دیوانە شیعری منداڵان کە لە باشووری کوردستان لە چاپ دراوە).



## ژیلا، کۆتایی بەخشی هێژێمۆنیی گشتگیری پیاوسالار لە شێعری کوردیدا



وریا ڕەحمانی

ژیلا حوسێنی یەکێکە لەو شاعیرە بەتوانا و ڕووخسارە دیارانەی کە لە چوارچێوەی شێعری نوێی کوردیی دوای شۆڕشەوە، شوێن و پێگەیەکی حاشاهەڵنەگر و جێی متمانەی بەرزی بۆ خۆی و ئەدەبی کوردی دەستەبەر کردووە. شێعری ژیلا شێعرێکی دەروونی تڕە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەرگیری هێما دەرەکییەکان بێ، کەڵکەڵە و داڵدە دەروونییەکان دەورووژێنێ و بە ناخ دا ڕۆدەچێ. ڕەنگە ئەوەش لە ژن بوونی ئەو شاعیرەوە سەرچاوەی گرتبێ و خود دەرخەری ڕەهەندی ژنانە بوونی شێعرەکانی بێ. لە ڕاستیدا شێعری ژیلا نوێنگەی سێ توخمی سەرەکیی شێعر و مرۆڤ ( ژن) و ژیانە و لەم پانتاییەدا بە شێوەیەکی هاوتەریب و تەواوکەرانە لەگەڵ یەکتردا لە گەشەو ژیانەوەی بەردەوام دان.

مرۆڤ و ژیان وەک دوو چەمکی سەرەکیی واتابەخشی بوون لە شێعرەکانی ژیلادا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بێ هیچ چەشنە دانوستان و ڕێککەوتنێکی ئیستحالەیی تا ئاستێکی پیرۆزمەندانە دەنرخێندرێن و لەگەڵ ئێستاتیکای بەرزی شێعری تێکەڵ دەبن.

جیا کردنەوەی هەرکام لەم توخمە واتاییانە بە شێوەیەکی دەرباز و دەرە دەقیانە لە شێعرەکانی ژیلا دا تا ئاستی نەبوون

ئەستەمە و لە راستیدا ئەوە لە نێوئاخنی دەق دایە کە واتا و کارکردی راستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە. بوون بەخشی و نرخاندنی چەمکەکانی مرۆڤ و ژیان یا ئەو کەڵکەڵە و پەیامەی کە شاعیر لە توێی شێعردا لە هەوڵی گەیاندنی دایە، هەرگیز دەوری لەمپەر و بەربەستێک لە بەرامبەر هونەر و جوانی ناسیی دەروونیی شێعردا نەبووە و بە پێچەوانەوە وەک بەشێکی لێک نەکراوە و کلیلی رۆحی شێعر بوون. لەلایەنە سەرنج راکێش و پڕ بایەخەکانی شێعری ژیلا خوڵقاندنی روانگەی نوێ و دیدی جیاوازی شێعرییە. ئاشنایی سڕینەوە نە تەنیا لە واتا و وێنای شاعیرانە دا، بەڵکوو لە دەربڕین و نواندنی روانگەی نوێ و جیاوازی دیداریشەوە لەگەڵ خوڵقاندنی بەستێنی مژاری زمان و رووداوی شێعریش لە لایەنە پڕبایەخ و سەرنج راکێشەکانی شێعری ژیلا و شێعری ژیلایین. هەوێنی پیرۆزی بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی ژیلا مرۆڤ و بەتایبەت ژنە کە خوازیاری ژیانێکی ئارەزوومەندانە و شایانە و شێعر ئەو دەرەتان و فەزا ئەهوورایییەیە کە ئیمکانی بوون و واتا بە خۆزگەکانی شاعیر دەبەخشێ. لە دیدی ژیلاوە ژن بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە، لەگەڵ هەموو ماف و داخوازی و ئامانجەکانی مرۆڤ. بەڵام پیاو نیە و رەگەزێکی دیکەی هەیە و ئەوە خاڵی جیاوازییە. لێرەوە ئیتر ژیلا و شێعر و جیهان بینی ژیلا ئاراستەیەکی جیاواز و نوێ و لە هەمان کاتدا ژنانە و بەوپەڕی خۆیەوە مرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێ.

ژیلا نایەوێ (یانی ئیتر ناتوانێ) وەکوو شاعیرانی پێش خۆی و تەنانەت سەردەمی خۆشی (شاعیرانی پیاو) بیر بکاتەوە و بنووسێ، بەڵکوو کانگا و ڕێبازێکی دیکە بۆخۆی هەڵدەبژێرێ و بەرەو ئاسۆی خۆزگە و ئەوین رێ دەکەوێ. ڕێبواری و بڕینی ئەم ڕێگە پێچەوانە و نامۆیە پێویستیی بە یاغی بوون هەیە و ئەوەش لە ئەوین دا دەلوێت. ژیلا گەشەی ئەم ئەوینە لە شێعردا دەدۆزێتەوە و ئاشق دەبێ و مەجالی تێگەیشتن و ئەوینێکی بەرینترمان لە جوانی و ژیان بۆ دەکاتەوە و بە دەم هەناسەی شێعرەوە پانۆرامای بوون دەنوێنێ.

ژیلا هەستێکی نۆستالیژیکی ئێستاتیکای کەم وێنەی بۆ ژیان هەیە و ئەم واتایەش بە تان و پۆی زۆربەی شێعرەکانیەوە دیارە و ئەوەش نەتەنیا هەر بۆخۆی  بەڵکوو هەر مرۆڤێکی ژنی دیکەش دەگرێتەوە و نەک هەر سەردەمی خۆشی بەڵکوو بە قوڵاییەکانی رابردوو و داهاتووش دا رۆچووە. لە ژیلا و شێعری ژیلادا ئیتر، شێعر کارکردێکی جیاوازی هەیە و ئەوین ڕێبازێکی پێچەوانە دەپێوێ، ژیان مەودایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێ و مرۆڤ رەهەندی نوێ دەقۆزێتەوە، ژن دێتە ناوەندی بوونەوە و چیتر وەک بەردەنگێکی رەها لە دۆخێکی ئینفعالی دا نامێنێتەوە، بەڵکوو لە دەوری بکەر دا دەردەکەوێ و دەبێتە سەرچاوەی خوڵقان.

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## ژیلا ئەویندارى زمانی کوردی و کوردوستان بوو.



**دکتور هیوا پەناهی مامۆستای زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی ئەسینا**

مێژووی مرۆڤایەتی و زۆر جاران ژیان بۆ خۆی هێندە لە سەر ناڕەوایی دەڕواتە پێش لە سەر ڕەوا و داد ناڕواتە پێش، بۆیە گەر دەرفەتمان بۆ ڕەخسا دەبێ هەوڵمان ئەمە بێ کە زارمان بکەینەوە، یان بە شێوەیەکی ڕێک ئەمە بۆ خەڵک بخەینە ڕوو. ئەوە دەمێ ساڵە لە کۆچی دادە ژیلا تێدەپەڕێ و زۆر شت گوتراوە و نووسراوە و من قسەم نەکردووە هەوڵم داوە تەنیا بە شیعر باسی بکەم چونکە یادی و تراژدی کۆچی هێندە قوڵ و کاریگەر بووە لە سەرم و هێندە یەکترمان خۆش دەویست کە بۆ کەسو کار و دۆستانی بنەماڵە خۆشی و تەنانەت کەسو کاری خۆشم جێگەی پرسیار بوو.

ساڵانێک تێپەڕین لەو کارەساتە تراژیک و ماڵوێرانە ساڵانێک ئەم خەمە قوڵە وای لێ دەکردم وەک سەرگەردانەکان بە ناو شە قامەکانی نامۆییشدا شیوەنم دەکرد و تاقەتی ژیانم نەبوو، بەڵام ئێستە بێدەنگ و بە سەری ڕێزەوە بۆ ڕۆحی دەڕوانم چونکە ژیلای فریشتە حەزی لێ بوو بڕوات بۆ دونیای ڕووناکی و خۆی دەرباز بکات لە ئەو ژیانەی کە شایانی ئەو نەبوو، سنووری بوونی وەک مرۆڤ دەبردە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش باس دەکەم چونکە بە ماوەی پێنج ساڵ خۆشەویستیەکی ڕۆحانی وایکردبوو باش یەکترمان دەناسی و ڕازەکانی ڕۆحی خۆی بۆم باس دەکرد و منیش هەروا.

ژیلا ئەویندارى زمانی کوردی و کوردوستان بوو منیش هەروا، ئەو سۆرانی موکریانی زاراوەی دایکی بوو من فێری سۆرانی و کورمانجی ببووم چونکە لە باری سیاسیەوە بۆ خزمەت بە گەلەکەمانم دەزانی چونکە هۆگری جوڵانەوەی ئازادیخوازی کورد

بووم. من کەم تەمەن بووم لەم بەر و ئەو بەر بابەتەکانمیان پێ خۆش بوو بەڵام کە دەیانبینی منداڵم دەچمە مەدرەسە پشت گوێیان دەخستم، دادە ژیلا هەم بە گڕی خەڵکی وا دا چۆوە و هەم هانی دەدام و شانازی پێمەوە دەکرد.

دادەی نەمری شێعری کوردی، کچێکی نازداری بوو کە لای خۆی نەبوو زۆر جار دڵتەنگی بەهار لە ناو نووسراوەکانیدا دیارە و هەر لە سەرەتاوە بە مێهرەبانییەوە پێمی وت " زۆر شێوەی بەهار دەدەی". هەمووان دڵی ژیلایان شکاند، کۆمەڵگا، کەس وکارو ئاشنا کان وهەنووکەش پاش ئەو هەموو ساڵە زۆر کەس باسی دەکات وەک دۆست و هاورێ، بۆ ئەوەی لە وجوودی رووناکی ژیلا کەسایەتییەک بۆ خۆیان ساز بکەن. ژیلای نەمر خانمێکی کورد پەروەر بوو، بیرمە کاتێ راپۆرتیان لە ژیلا دابوو لە دەزگای ئیتلاعات کە رۆژانی نزیک کە ٢٢ بەهمەن ژیلا بیانوو دێنێتەوە بۆ سەقز دەرواتەوە کە بەشداری کۆڕی یادمانی کۆماری ئیسلامی نەبێ سێ جار ژیلایان کێشا ئیتلاعات. کابرا پێی وتبوو "خانم هەر جارە هەواڵی تۆ دەپرسین سکت پڕە"! ژیلا ش وتی پێی گوتبوون "ئاغا جوان قسە بکە من شووم هەیە و دایکم بە ئێوە رەبتی نییە من حەز لە مێردەکەم دەکەم و منداڵم لێی دەبێ". دادە ژیلا چەند رۆژ وەک باران بەهاری گریا ژیلا پێمی وت "ئەمەم لە دەمم دەر چوو وەک شۆخی لە جێگایەکدا کە چایچی لە وێ بوو[مەبەست سیمین چایچی]، ئێمە ماعرێکمان ساز کرد، چەند شێعرمان بۆ نووسی و لە گەڵ خۆمان هاوردمان بۆ کۆڕی مەولەوی کورد. ناوی ئەو ژنە ناهێنم.

ژیلا شانازی دەکرد بە کوردی نووسین و خزمەتکردن بە زمانی دایکی. جارێک باسی "هێمن"ی شاعیرمان کرد باسی ئەمەی بۆ کردم کە لە شەیدایی و شانازی بە زمانی نووسینەکانی لە کۆڕێکدا وتبووی "گەر پێم کرابا هەموو تەمەنی خۆم بە یەک ساڵ تەمەنی تۆ دەگۆڕیەوە مامۆستا هێمن".

دادە ژیلا دڵخۆش بوو بە خۆشی هەموو ئاشنا و رۆشناکانی، بەڵام بە داخەوە تاریکی رۆحی زۆربەیان دڵی پاک و رووناکی ژیلای خەمین و نا ئۆمێد و تەنیا و تەنیاتر دەکرد چونکە پڕانیان وەک بیری پاکی خۆی و قەوارەی ئیدەعاکانیان نە دەچوون و درۆزن و سەختە چی دەر دەکەوتن. بۆ نموونە ئەو سەفەرەی چوو قەد نەگەڕایەوەهۆی ئەمە بوو پێمی وت بە دڵی تەنگییەوە ' شێرکۆ بێ کەس لە سەقز بوو لە ماڵی کاکە حەمە بوو پێمیان نەوتبوو لە منیان شاردەوە هەر دەبێ بڕۆم بیبینم".

ژیلا لە ژیانی تایبەتیشی دا دوو هەنگاو دەچوو پێش و چەند هەنگاو دەگە ڕایەوە پاش ئەمە وایکربوو بەردەوام خەمین بێ و من هەموو خەمەکانیم هەست پێ دەکرد و هەوڵم دەدا هێندەی ئەقڵم دەبڕێ ئاگام لێ بێ بەڵام بە داخەوە کەم تەمەن بووم نە مدەزانی رێگە چارە بدۆزمەوە بۆ بنبڕکردنی خەمەکانی وئێستە پاش ئەو هەموو ساڵە رۆحیم لە ئامێز کردووەو بۆی

ناگەڕێم کە وەک کەسێک و بوونێک کە خۆشی لە مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ودەورو بەرییەکانی نەبینی،ئەم تراژدیا کە پاش ئەو هەموو ساڵە بۆی دەرخستم کە ژیلای فریشتە حەزی لێ بوو بڕواتەوە بۆ ئەو دونیا پاکەی لێیەوە هاتبوو، دوونیای فریشتەکان. ناتوانم ناوی کۆچەکەی مەرگ لێ بنێم، نا- ژیلا ڕۆیشت بۆ ئەوەی وەک مرواری بمێنێتەوە. ئەوانەی بە دڵ و ڕۆح خۆشیان ویستووە لێ گەڕێن با ئاسوودە بێ، ژیلا نەمرە وەک فریشتە یە بە دەورمانەوە قەدد نامرێ و خەرمانی گوڵی بە زیاد بێ لە جێگەی وا هەیە دەزانێ و دەزانم.

قسەکانم بەم شێعرەی ئۆدیسێئاس ئێلیتیس شاعیری یوونانیان کۆتایی دێنم کە دەڵێ:

"ئەو مەزارانەی لە شێوەی ئاسمانن،
ئەو کچانەی تامی ترێ لە زاریاندا مایەوە.

تەنیا باڵەندەکان بە ئاگا بوون لەم خەمە
ئامان لەو شینایییەی وا خۆشمان ویست

ڕۆشتن، ڕۆشتن،
جۆزەردان بە کراسی ئاوەدامانی ڕووناکییەوە
وەرزەکەی هاوین بە پلەکانەکانی نە هاتییەوە
ڕۆشتن، ڕۆشتن

هەورەکان هاتنە خوارەوەو تێکەڵی دڵی خاک بوون و
یاقووتی ڕەشیان دەر هێنا بۆ ملی ئاسمان.
بە ئاگا بن خۆیان دەسوێن لە باو بۆران
تۆفان، تۆفانی تۆڕەیی مردووەکان"

ئاسینا

## دۆزەخێک لە ئازارەکانی ژنانی کورد...لە چیرۆکی (زستان)ی ژیلا حسەینی



سوهەیب فارووق

چیرۆکی زستانی (ژیلای حوسەینی) ئەگەرچی خاوەنی زمانێکی تارادەیەک سادەیەو چیرۆکێکی مام ناوەند و کورتە، بەڵام هەڵگری گەلێ واتاو گوزارشتی ژنانەیە کە تەنها لەزمانی ئەدەب دا دەتوانرێت گوزارشتی پێبکرێت. خودی ناونیشان لەم چیرۆکە دا کە زستانە، هەڵگری هەگبەیەک رووداوی نەرێنی واقیعی کۆمەڵگەیە زستان رەمزی سەرماو سۆڵەو نەگوزەراندنی ژیانە لەدەرەوەی ماڵد ا. سەرەتا ژیلا لەرێگەی دایکێکەوە کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، دەدەوێت کە پاش ململانێ لەگەڵ مێردەکەی دا ماڵ بەجێدێڵێ ووەک هەر نەریتێکی رۆژهەڵاتی روو لەماڵی باوکی دەکاتەوە. شوێن شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کات زستانە، پاڵەوانی چیرۆکەکەدایکێکە کەهەموو خۆشی و شادیەک هەموو هیواو ئومێدێک و جگەرگۆشەی چەندینساڵەی کەبەشیری ئەوین و گەرمی باوەش بەخێوکراوە، ناچارە بەهۆی هەرای پیاو ودەستی نێرانەی مێردەکەیەوە بەجێبهێڵێ وبوخچەی ئازارەکانی بگرێتە کۆڵ لەزستانێکی توشی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. دەبێ چ خەمێکی کاریگەر وتۆقێنەر وچەندە ئومێدبر وهیواکوژ بێت، ئەو رقی پیاوەی کەوا لەدایکێکی میهرەبان بکات پەتی سۆزی بپچڕێنێت هەموو ژیانی بکاتە ژەهری مار ودەست لەجگەرگۆشەکانی بشوات. پاڵەوانی چیرۆکەکە هەرلەسەرەتاوە بەگریانێکی زۆرەوە ئەبینرێت لەلایەک بۆئەو هەموو ئازار ومەینەتی وجێهێشتنەی مال و منداڵەکەی، لەلایەکی تریش بۆ ئەودونامەیەی کەمناڵەکەی پیش رۆیشتنی دەیداتەدەستی کە تەنها یەک دو وشەی خەمئامێزیان تێدایەو بەس:

**نامەی یەکەم:** ((**دایەمەڕۆ مەڕۆ توخوا**)) .**نامەی دووەم:** ((**دایە بیرۆ بیرۆ توخوا**)) .

لەدنیای ئەدەبی کوردی دا زۆرن ئەو دەقانەی کەلەلایەن خودی ژنەوە نووسراون، بەڵام هێندەی ژمارەی رستە وپیتەکانیان هەڵگری خەمی ژن نەبوون، ئەوەندە باسێکی سواوەی دووبارەکراو بوون نیوهێندە پەنجەیان لەسەرئازارەکانی ژن دانەناوە. زیاتر بابەتەکان تێکەڵ بەهەندێ لایەنی خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی کراون. کەفرەرەهەندیەکی زۆریان پێوە دیارە. خوێنەری راستەقینە نەبێت ناتوانرێت سەنتەری سەرەکی دەقەکە دەستنیشان بکرێت. بەڵام ئەم دەقەی ژیلا لەدەسپێک تاکۆتایی پێناسی هەموو ئازارەکانی ژنە. ژیلا وەک هەناسەیەکی ئەدەبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگ هەڵئەبرێت دژی دەسەڵاتی پیاوسالاری، هەست دەکرێ خەمی ژیلا خەمێکی کۆیەو لەجێی زۆرێک لەژنانی ستەمدیدە قسەئەکا. زۆر بوێرانە دەنگی نا بەرز دەکاتەوە لەدژی دەسەڵاتی پیاوسالاری. رەخنە لەو دەمەی ژن دەگرێت کە تەڵاق دەدرێ و هیوابراو دەبێت. ئەو دەمەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەچاوێکی نەرێنی یەوە سەیری ژنی تەڵاقدراو ئەکات، ئەمە خەمی ژیلایە، هەموو ژنێک ئاگادار دەکاتەوە لەچەوسانەوەی ئافرەت و دەدڵێت: ((گورگ گورگ لەبرسانا هاتۆتە سەر رێگاکە، بەخوا زستانێکی تووشە کورە ئەوە خۆ ژنێکە بەم سەرمایە هەرباشە گورگ نەیخواردوە)).

گەر بەوردی سەرنجی رستەی (بەخوا زستانێکی تووشە) بدەین، هەڵگری چەمکی بێهیوایی یە لای ژن، مەبەست لەژیانی بێویژدانی و هەست نەکردنە بەمرۆڤبوون، ژن پەنابۆ کام هاوینی ئومێد بەرێت کام ئامێزی هیواگەرمی کاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەبەر هەر هۆیەکی کۆمەڵایەتی بێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی پیاودا دەستەوسان و بێهیوادەبێت. گەر ئاور لەژیانی کۆمەڵگەی کوردی بدەینەوە لەمێژە تاهەنوکەش لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ژیان دا نەک هەرکێشەی چەوساندنەوەی ژن کەم دەبێتەوە، بەڵکو رۆژبەرۆژ پەرە دەسەنێت بەڵام لەبەرگ وناوەرۆکی جیاواز دا. کوشتنی دوعا و خۆسووتاندنی ئافرەتان چاکترین نمونەی پشت راستکردنەوەی نێو ئەم چیرۆکەن. لەم نێوەندەش دا ئەرکی ئەدەب ئەبێتە ئەرکێکی واقیعبین ورەخنەگرانە. روداوەکان ئەبنە ئاوێنە و مرۆڤ لێیانەوە ژیان ئەبینێ. زمانیش دەبێتە زمانێکی گووتاری هەستیاری جوڵاو و ناجێگیر. لەپاڵ هەموو ئەو وێنە هەستە دەربراوانەدا زمانی چیرۆکەکە بۆتە زمانێکی قاڵبدراوی رەخنە. واهەست ئەکرێت کەسەرجەم دەقە ئەدەبییەکە بۆبابەتێکی رەخنەیی تەرخان کراوە.

لەروانگەی ئەم چیرۆکەوە جیاوازی لەنێوان زمانی نووسەری نێرومێ لەرووی باسکردنی گرفتەکانی ژنەوە ئەبینرێت. چونکە مەحاڵە کەپێنووسی نوسەرێکی پیاو بتوانێت هەست بەتەنگژە کانی ژیانی مێ بکات. رەنگدانەوەی فاکتەرە نەرێنەکانی کۆمەڵگا وا لەژن ئەکات کەلەپشت کێوە مین رێژکراوەکانی هیواوە بژین. ئەوکێوی هیوایەی کە لەودیوەوە مین رێژکراوە بە مینی ترس و تۆقاندن و مینی بەبچوک سەیر کردن و بەکۆیلەکردنی ژیان. زمانی ژنیش دەبێتە زمانێکی تژی بەوشەی گلەیی

و گازندە ورەد کردنەوەی ئەوی تری پیاو کە ئەکرێت لەجیاتی ئەم زمانە زمانی خۆشەویستی و سۆز بێت. زمانی بەخشینی ژیان بێت نەک زمانی بەخشینی بەزەیی. ئەوەی وای لێکردین ئەم چیرۆکە بەدۆزەخێک لە ئازارەکانی ژنی کورد دابنێین ئەوەیە کە چیرۆک نووس بەحاڵی هەنووکەیی ژنەوە نەوەستاوە، ئاوڕ لەرابردووش ئەداتەوە، رەخنە لەمێژوو وکلتوریش ئەگرێت. ئەم نارەزاییە بەشێکی لەئەستۆی پیاوەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەستۆی مێژوو ونەریتی کۆمەڵگە. ئاماژە بەهەندێک گوتراوی زمانی رۆژانەی کورد کراوە کەلەشێوەی پەند وئیدیۆم دا قاڵبیان گرتووە ((ژن دەپەراسویان کەمە، باش بوایەتن یەکێکیان دەبووە پێغەمبەر)). هەموو دەمێک گێرەرەوەی چیرۆکەکە بەدەم خەیاڵکردنەوە ئەم وتانەی دێتەوە یاد. ئومێد وگەشبینی خۆی لەدەست ئەدات. هەر لەچیرۆکەکەش دا ئاماژە بەو گۆرانیە فۆلکلۆریە کراوە کە بەسەر زاری پیاوەوە گوتراوە، ئاماژەیە بۆ باڵادەستی پیاوبەسەر ژن دا و دەڵێت؛

((رۆڵە ئەو شیرەمت حەڵاڵ نەبێت کەبەم رێگە کۆنەدا برۆیت، ژنەکەت بەهاورێ نەزانی، رۆڵە ئیتر من قەدئەم گۆرانیەت بۆ ناڵێمەوە:

خوابیانیازم حەوت ژنوبۆ بخوازم
یەکێ بۆ پەرۆپینە یەکێ بۆ بانی سینە

یەکێ دوختەری پاشا یەکێ تورکی تەماشا
یەکێ بۆ نازونوزی دوانیش بۆ دوخت ودوزی))

چیرۆک نوس لێرەدا دەگاتە ترۆپکی نارەزایەتی لەپیاو تەنانەت بەپەندوگۆرانیش زیاتر لەسەر ئەم رەخنەگرتنە دەروات، بەچەند پەندێکی تر لەچیرۆکەکەدا چیرۆکەکە ئەدەبی تر ئەکات ورەخنەکانی تۆختر دەکاتەوە و دەڵێت: ((**ماڵی پرِبێت، شواڵی شرِبێت، گشتی کوربێت**)). ئاشکرایە لەم پەندەدا شوێنێک بۆژن نەماوەتەوە لە ماڵی کۆمەڵگەی کوردی دا. ئەوەی هەیە بەخشراوە بەنێر ولەچوارچێوەی دەستەواژەی (گشتی کور بێت) دەربراوە.یان ئەڵێت: ((**ئەتکەم بەکارەکەی کاکت خوشکی بێ براحورمەتی نیە ماڵی بێ چرا رەونەقی نیە**)). لێرەشەوە رەخنە لە کۆمەڵی کوردی دەگرێت کە ژنی وەک پلەدوو نیشان داوە. جوانی ئافرەتی بەستۆتەوە بە پیاوەوە ئەو بوونەی کە ژن هەیەتی خستویەتیە چنگی پیاو. لەپایانی دەقەکەدا چیرۆک نووس وەک ژنێکی رۆژهەڵاتی سۆزداری و هەستی ژنانەی خۆی ونیانی ژن دەسەلمێنێ لەرێگەی گەرانەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆلای مێردەکەی و مناڵەکانی ئەوەمان نیشان ئەدات لەبەرامبەر ئەم هەستەی ژنان دا دسیان دەنگی پیاو بەرزتر دەکاتەوە، هێندەی تر چنگی رەخنەکەی لەپیاو گیردەکات کە لەسەر زاری مێردی ژنەکەوە دەڵێت: ((**شوکر ماڵی باوکیشت رێگەیان نەدای، خۆتۆ رۆشتی و ئەتوت مافی ئینسانیم ئەوێ چۆن هاتیتەوە خۆتۆ وەرِس بوبویت حەزت**

**لەشەق و تف نەئەکرد، نەئەرۆشتم دەرت کردم، قەت سەگ لەسەر توتگ هەڵناسێت، پشیلە بەچکە جێناهێڵێ، پیاوان ئەگەر هەزار پەراسوویان زیاد بێت، یەک شتیان کەمە کەهەستی دایکایەتی رۆڵە پەرستیە کەلەهەموو شتی خۆشتر و پیرۆزترە))**. لێرەوە ژیلا هەستی ژنانەی خۆی زیاتر بەرز دەکاتەوە، چەوسانەوەی پیاو بالآتر ئەکات. ژن وەک دایکی راستەقینەو عاشقی ژیان نیشان دەدا و پیرۆزیەکی ئەوتۆ دەدا بەژن لەبەرامبەردا تورەییەکی زۆر بە پیاو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دەقانەی کە لەلایەن ژنەوە دەنووسرێن، دەکرێ بڵێی بەشێکی زۆریان رەنگدانەوەی جیاوازی رەگەزی و حاڵەتی سایکۆلۆژی ژن خۆیەتی دەربراوە. هەرچەندە لەرووی ناوەرۆک و تەکنیکەوە چیرۆکەکە دەوڵەمەندە و خاوەن کاراکتەر و گوتاری تایبەتی و هەڵگری واتای تایبەتی چیرۆکە، بەڵام دەکرێت بڵێین زمانی شیعر زۆرتر زاڵترە تا زمانی چیرۆک، هەست دەکرێت چیرۆکێکە شاعیرێک نوسیویەتی نەک چیرۆک نووس. ئەمەش بۆ ئەو دەسەڵاتەبەرینەی ژیلا دەگەرێتەوە لەشیعر دا کەدنگێکی نوێی شیعری کوردی بوو، گەورەترین رەخنەش لەچیرۆکەکە ئەوەیە کە ژیلادەیەوێ وەک چۆن لەشیعرەکانی دا بەکەسێکی فیمێنیست دەرکەوتووە وەهاش لەم چیرۆکەدا دەربکەوێت بەڵام نەیپێکاوە. ئەتوانین بڵێین لەم دەقەدا چیرۆک نووسە بەڵام فیمێنیست نیە چونکە نەدەبوو لەچیرۆکەکەدا رێگە بەگەرانەوەی دایک، پاڵەوانی چیرۆکەکە بدات بۆ ماڵی پیاوەکەی پاش هەموو ئەو گرفتەی کە هەیبوو هەرچەندە کە ئەو ویستویەتی هەستی سۆزدارانەی ژن بپارێزێت، ژنی وەک مرۆڤێکی هەستیار پاراستووە بەڵام لەپاڵ ئەم پاراستنەدا فیمێنیست بوونی خۆی لەدەست داوە.

**ماڵپەری ئەندیشە**

# ژیلا حوسەینی، هەورێکی لە تینوواندا خنکاو




**حەمەسەعید حەسەن**

**وەکوو تۆ هێشتا زیندوو بی،**
**ڕۆخی زەریا،**
**ئێستاش وەکوو جاران جوانە.***

شیعر شانۆیەکی گونجاوە بۆ نمایشکردنی خودی شاعیر و ئەوە ئاساییە لە شیعردا باسی خودی خۆمان بکەین. شیعری ژنانە، شیعرێک کە هەڵگری پێناسەی مێ بێت، دەتوانێت بە گژ ئەو تێڕوانینەدا بچێتەوە کە ڕۆڵی مێ، لە تێرکردنی ئارەزووی نێردا چڕ دەکاتەوە. ژن کە هەستی بەو ستەمە کرد لێی دەکرێت و ئەو هەستەی بە شیعر دەربڕی، ئەوە سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی خۆری ئازادبوونی خودی. ژن کە بوێرانە دەنووسێت، بەوە سەنگەر لە دابونەریتی دێرین، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و دەسەڵاتی ستەمکاری خێڵ دەگرێت. ژن کە ڕاستگۆیانە دەنووسێت، مێبوونی خۆی دەسەلمێنێت و هەنگاوی یەکەم دەهاوێت بۆ ئەوەی ببێتەوە بە خاوەنی شکۆمەندیی زەوتکراوی. ژن کە بە ڕاشکاوی چی لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە، دەری دەبڕێت، بەوە ئاڵای خەبات لە پێناوی وڵاتی داگیرکراوی خودی خۆیدا بەرز ڕادەگرێت.

ئەوەی ڕەخنەی کوردی تەنیا بایەخی بەو شیعرانە دەدا کە پیاوان دەیاننووسین، زادەی هەژموونی نێر بوو بەسەر شیعرەوە و

جۆرێک بوو لە زیندەبەچاڵکردنی ژنانی شاعیر. ئەوەیشی ئەو ژنانەی شیعریان دەنووسی، لە ترسی سانسۆری دابونەریت، نەیاندەوێرا ژنانە هەستیان دەرببڕن و وەک مێیەک خودی خۆیان بنووسنەوە، جۆرێک بوو لە خۆکوشتن.

ئەدەبی ژنانە، خاوەنی دیسکۆرس و ناسنامەیەکی ژنانەیە، خوێنەر هەست دەکات، ئەوەی من بوێرانە و بە ڕاشکاوی نووسیویەتی، جیاوازە لە بەرهەمی قەڵەمی پیاو. من کە ڕاستگۆیانە وێنەی خۆی دەکێشێت، جیاوازە لەو وێنە تەڵخەی، پیاو بە درێژایی مێژوو بۆی کێشاوە. من کە دەنووسێت، گوتارێکی ژنانەی پێیە و هەبوونی خۆی پێ دەسەلمێنێت. ئاخر ئەو گوتارە ژنانەیە کە دەربڕی شتگەلێکە هەمیشە پیاو لێیان بێدەنگ بووە، دەربڕی خودی مێیە، دەنگی مێیە و دەسەڵاتی من دەسە پێنێت.

دە واز بێنە با دەست بیەم
ئەو تۆزانەی شانی چیا بتەکێنم،
بە لەپی دەست ماچ بنێرم بۆ خۆرەتاو،
دە لێم گەڕێ
با دەم بنێمە دەمی ئاو،
ڕێگەم بدە
پەنجەرەکان بکەمەوە
هەوای ژوورم بۆنی بێکەسیی گرتووە.

ئەوە وێنەی شیعرییە، زمانی شیعر لە ڕاستەوخۆیی و گوتاردان دەپارێزێت، سەرنجی ئەم سێ وێنەیە بدەن کە شیعرییان لێ دەتکێ: (تەکاندنی تۆزی شانی چیا، ناردنی ماچ بە لەپی دەست بۆ خۆر و دەمنانە نێو دەمی ئاو.) وێنەکانی ژیلا حوسەینی (٢٢ - ٩ - ١٩٦٤ — ٢٧ - ٩ - ١٩٩٦) هێندە زیندوون، دەڵێیت بە کامێرا، بیۆگرافیای خۆی دەنووسێتەوە، نەک بە وشە. سەرنجی ئەو بێکەسییە کە لوتکەی غەریبییە، بدەن: ژنێک لە ژوورێکدا زیندانییە و تەنانەت بواری ئەوەیشی نادەن، پەنجەرەکان بکاتەوە! شیعری ژیلا حوسەینی هێندە خۆڕسک دێتە پێش چاو، پێ ناچێت، پێشەکی پلانی بۆ نووسینی دانابێت، لەوە ناچێت دواتر هیچ دەستکاریی یەکەمین نووسینەوەی شیعرەکانی کردبێت. وێڕای ئەو خۆڕسکییە، بەشێک لە سیحری شیعری لەوەدایە، بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات و ئەوەی ئاسان دێتە بەر چاو، شتێکە چاوخەلەتێن، ئاخر ئەو بە گوتەی ساکار، مانای قووڵ بە دەستەوە دەدات.

ڕیتم چییە؟ خەناوکەیەک نییە بە گەردنی شیعرەوە، شتێکە ناوەکی، داوێکە ڕەگەزەکانی شیعر: فانتازییەکی بەپیت،

زمانێکی دەوڵەمەند و وێنەی نوێ، بە شێوەیەکی هارمۆنیایی پێکەوە کۆ دەکاتەوە. ڕیتم کە لەو شیعرەدا، هاوجووتە لەگەڵ لێدانی دڵدا و هەست دەدوێنێت، بۆ ڕامانیش هانمان دەدات. لایەنێکی گەشی دیکەی ئەو شیعرە ئەوەیە، شاعیرانە بەشێک لە ژیانی ڕاستەقینەی شاعیرەکەی دەداتە بەر ڕووناکی. شیعری ژیلا حوسەینی هاواری ئەوانەیە دەنگیان بە کەسدا ناگات، ئەوانەی هەست بە غەریبییەک دەکەن، وەک لە ڕەگەوە هەڵکێشرابن.

چیت گەرەکە بۆ ڕێم نادەی
ئەو پرچە شینانەی زەریا
دابهێنم؟
تاکەی هەوری دوودڵیی تۆ
ئەم ئاسمانە جێ ناهێڵێ؟
تا کەی دەستت
تۆوی نامۆیی دەچێنێ؟

وێنەی شیعری کە زادەی خەیاڵێکی فراوانە، لادانە لە ڕێسای زمانی ئاسایی و هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی شیعری. زمانی شیعری، زمانێکی هێور و ئاسایی نییە، زمانێکی سەرچڵ و سەیرە، لە گۆمێکی تەنکدا مەلە ناکات، ئاسمانی بەرین شوێنی مەلەیەتی. (داهێنانی پرچی شینی زەریا، کۆچی هەوری دوودڵی و چاندنی تۆوی نامۆیی) لەو سێ ڕستە شیعرییەدا، وێڕای ئەوەی ڕووبەڕووی سێ وێنەی شیعری و سێ دەربڕینی شیعری دەبینەوە، بە سێ میتافۆری نوێش ئاشنا دەبین کە ژیلا حوسەینی دایهێناون، ئاخر پێش وی، پرچی زەریا، هەوری دوودڵی و تۆوی نامۆییم لە کەسی دیکە نەژنەفتووگە.

مەڵێ دەڕۆم
قەڵای ورەم مەڕووخێنە!
چرۆی هیوام مەوەرێنە!
زەریا لە خۆت مەتۆرێنە!

(ژیان بەبێ ئەوینێکی مەزن، بە ناتەواوی دەمێنێتەوە.) ڕەنگە ئەوە پەیامی ئەو کۆپلەشیعرە بێت. لە شیعریشدا دەتوانین باسی ئاسۆیی و ستوونی بکەین، ئاسۆیی: هەر لە قسەی ڕووت دەچێت و ستوونی: وەک قسەی نەستەق وایە و زۆر شتمان پێ دەڵێت. لویزا ڤالنسویلا دەبێژێت: (ڕۆژنامەوانی چونکە پرۆسەیەکی واقیعییە، پێویستی بە تێڕوانینێکی ئاسۆیی هەیە، بەڵام ئەدەب تێڕوانینێکی ستوونیی گەرەکە، ئاخر ئەدیب پێویستە ئەودیوی واقیعیش ببینێت، سەردانی دەڤەری نائاگایی و وڵاتی

خەیاڵیش بکات.) سەرنج بدەن، ژیلا حوسەینی بە دە دوازدە وشە، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە دراما تێیدا بە لوتکە گەییشتووە، چیرۆکێک تراژیدیایەک بەسەر دەکاتەوە کە تەژییە لە نائومێدی، پڕە لە دابڕان و لێوانلێوە لە دڵشکان.

ڕۆییشتیت و واتدەزانی
لە دوای تۆ ڕۆژ نابێتەوە،
هەوری تاسەت
لە ئاسمانی شیعرەکانم ناچێتەوە،
خۆت بە چی دەهاتە بەر چاو؟
تیشکی هەتاو؟
فێنکاییی ئاو؟
هیچیان نەبووی،
بۆیە بێ تۆیش
زەویی عیشقم پڕ بەهرەیە،
دەمی شیعرم پڕ خەندەیە.
جارێکی تر
ڕێت بکەوێتە ئەم ناوە،
لەبەر هاژەی پێکەنینما خۆت ناگری،
ئەو ژنەی تۆ دڵێت دەکرد بە ژێرسیگار
چرای هیوای داگیرساوە
ئیدی لە دووریت ناگری.

لەو شیعرەی ژیلا حوسەینیدا کە بە ڕووکەش تەنک دێتە بەر چاو، لە ڕاستیدا هێندە قووڵە، وای کردووە، ئەو شتانەی دەیانبینین، بۆنیشیان بکەین، ئەو شتانەی بۆنیان دەکەین، بیشیانبینین و ئەو شتانەیشی گوێمان لێیانە، بە دەستیش هەستیان پێ بکەین. ژیلا لێرەدا تەواو شاعیرانە دەپەیڤێت، باسی شتێک ناکات کە ڕووی دابێت، باسی شتێک دەکات کە ئەگەری ڕوودانی هەیە و خەوی پێوە دەبینێت. تەنیا بە هۆی خۆشەویستییەوە، کرۆکی ئینسان دەردەکەوێت و تەنیا ئەوە خۆشەویستییە هانمان دەدات وابەستەی ژیان بین. هەرچەندە هەموو ژیان لە خۆشەویستیدا چڕ دەبێتەوە، کەچی وا ڕاهاتووین بە مردنەوەی گرێ بدەین، ئەوە نییە دەڵێین: خۆشم دەوێی هەتا مردن! وەک چۆن لە ڕاستیدا ناکۆکییەکان دەستیان لە یەکدی ئاڵاوە، مردن هەمیشە لەبەردەم ژیاندا ئامادەیە، شەو دەست دەخاتە بینی ڕۆژ، لەم شیعرەیشدا گەلەک ناکۆکی یان دووانە کۆ بوونەتەوە: ژووان و دابڕان، سەرەتا و کۆتایی، بێهیوایی و ئومێد، کەوتن و هەڵسانەوە، زەلیلی و بەرەنگاربوونەوە.

بۆ ئەوەی لە ژیلا حوسەینی نزیک ببینەوە، پێویستە بە ناخی شیعریدا ڕۆ بچین، نابێت هەر شیعرەکانی بخوێنینەوە، پێویستە گوێشیان بۆ ڕادێرین. نابێت لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی ڕەخنەییدا شیعری هەڵبسەنگێنین، دەبێت لەبەر تیشکی شیعریدا، ئەو کەرەسانە ببینینەوە کە بۆ لێکدانەوەی مانای تێکستەکانی پێویستمان پێیان دەبێت. (شیعر و ژیان لە کن ئەو، دوو شت نەبوون، یەکێک بوون، ئەوی شاعیر هەمان ئەوی ئینسان بوو.)(١) ئەو تووشی کەرتبوونی کەسایەتی نەهاتبوو، خاوەنی یەک ڕوو بوو، بە دەمامکەوە نەیدەنووسی. ژیلا چیرۆکی ژیانی خۆی و ژنانی یان دروستتر دایکانی سایەی بابسالاری دەگێڕایەوە، ئەو دایکانەی نەجیب مەحفووز گوتەنی: (کە هەر لە دەشتێکی بەرین و بەپیت دەچن، دەشتێکی هێوری خۆراگر کە گاسنی ڕۆژگار دەیکێڵێت، دەشتێکی بەفەڕ کە هەمیشە سەوز دەچێتەوە.)(٢)

*

کەسانی وا هەن، نەماندیون، کەچی وا هەست دەکەین، دەیانناسین. ژیلا حوسەینی یەکێک بوو لەوانەی، هەرچەندە نەمبینیبوو، بەڵام وام هەست دەکرد لە نزیکەوە دەیناسم. هەر لەناکاو، لە دوورەوە بووینە ناسیاوی یەکتر. هەر لە یەکەم نامەوە، گەرموگوڕ وەک ناسیاوێکی دێرین هاتە گۆ و نامە و شیعرەکانی لەگەڵ خۆیاندا چەپکەتیشکی خۆریان بۆ دەهێنام. هەندێک خۆ بە شاعیر زان هەن، هیچیان پێ نییە، شیاوی گوتن بێت، هەندێکی تر شتیان پێیە، بەڵام پێمانی ناڵێن، ژیلا هەمیشە شتێکی پێ بوو، گوتنی باڵداری ئەو، هۆنراوەکانی بوو.

ژیانی ژیلا لە دارستانی شمشێردا، لە مەڵبەندی بڤقە و حەرام و قەدەغەدا، هەرچەندە کورت بوو، بەڵام تا داهاتوویەکی دوور، مانگێکە، تریفەکەی ڕێی ڕێبوارانی کاروانی ئازادی و یەکسانی ڕۆشن دەکاتەوە. ژیانی کورتی پەڕ و باڵە بۆ ئەوانەی نیازی فڕینیان هەیە، ژیانی مامۆستای گوتنەوەی دەرسی یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە بوو. پەیامی ژیانی ژیلا، دیوارێکی ڕووخاند، دەرگایەکی خستە سەر پشت و پەنجەرەیەکی کردەوە.

**کە دایان بە شوو، یان خۆی گوتەنی:** (کە دڵیان کوشت و لەشیان هەڵپەڕاند،) ژیلا پازدە ساڵان بوو. ئیدی چوار پێنج ساڵێ لە هەواری ژنومێردایەتیدا کە هەر لە ژووری تاکەکەسی زیندانی ژێر دەسەڵاتی ستەمکار دەچوو، بەسەر برد. ژیلا کە بە منداڵی بە مێردیان دا، وەک لەش ماڵی باوکی بەجێ هێشت، بەڵام دڵی لەگەڵ خۆی نەبرد، زۆری ئازار چێشت تا فێربوو، بتوانێت بۆ هەر کوێ چوو، پێش وەخت دڵی بنێرێت. ژیلا تەوارێک بوو، چەند جارێک پێکرا، بەڵام دەستەمۆ نەکرا. ئەو کە باسی ژیانی خۆی دەکرد، باس تەنیا هەر باسی خودی خۆی نەبوو، باسی سەردەمەکەیشی بوو. دەیزانی ناتوانێت بە شنەی شیعر، ڕێڕەوی کەشتیگەلی کۆمەڵ بگۆڕێت، بەڵام لەوە دڵنیا بوو، شیعر تیرۆژێکە، سەر بەو زیندانە تاریکەدا دەکات کە بە نارەوا ناوی (ژیان)ی لێ نراوە.

**ژیلا دەیویست بە شیعر جیهان جوانتر بکات،** بە درەختی وشکهەڵاتووی ژیانەوە، شیعری ئەو گەڵایەکی سەوز بوو. ئەو دەیویست مانایەک بۆ ژیان بدۆزێتەوە، کۆنفیشیۆس دەڵێت: (ئافرەتی ڕێزدار و باڵا، ئافرەتی نەزانە.) ژیلا دەیویست پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە نائینسانییە بسەلمێنێت. جەلالەدینی ڕوومی دەبێژێت: (ژن تیشکێکە لە ڕووناکیی پیرۆز.) ژیلا لە شەوی یەڵدای نیشتماندا، چەپکەتیشکێک بوو. ئیبنولعەرەبی هەقی تەنیا لە ژندا دەبینی، ژیلا ژنێک بوو لە هەقیقەت.

**ژیلا وای دەنووسی،** زۆربە لێی تێدەگەییشت و هەڵبژاردەیش بە شاعیری دەزانی، شیعری ساکار بوو وەک خۆی، تەمومژاوی و ئاڵۆز نەبوو، بەڵام تەنکیش نەبوو، قووڵ بوو. ژیلا تینووی هەوری ئازادی بوو، بڵند فڕی تا دەمی گەییشتە کانیاوی هەوری پیرۆز، (ئەوانەی توانای فڕینیان نەبوو، ئەو ژنە مەزنەیان بچووک دەبینی.)** ژیلا دەرگای ئاسنینی باوەڕی چەقبەستووی دێرینی شکاندبوو، سنووری شوورەی چین ئاسای ڕێسای نەریتی باوی بەزاندبوو. ئەو سەلماندی، ئینسان لەوە باڵاترە، وەک کاڵایەک سەرنجی بدرێت و گەر بخوازێت و هەوڵی بۆ بدات، دەتوانێت کۆت و پێوەندە دێرینەکان بشکێنێت و خۆی سەروەری خۆی بێت.

ژیانی ژیلا درامایەک بوو، پێش ئەوەی بگاتە لوتکە، دەرهێنەری مەرگ پەردەی دادایەوە. ژیلا خۆی بە جوانییەتی کۆچی کرد، بەڵام شیعری جوانی ئەو، هەر بە گەنجییەتی دەمێنێتەوە. ئەوی خاوەنی هونەرێکی ڕاستەقینە بێت، خاوەنی ژیانێکی ڕاستەقینەیشە، شاعیری ڕاستەقینە لە هەموو شوێنکاتێکدا، بەرەو ڕووی ئەرکێکی دژوار دەبێتەوە: چۆن لەم جیهانە پڕ لە دووڕوویی و ستەمەدا، بژی و سەری لێ نەشێوێت؟ چون بەرگەی ئەم جیهانە نائینسانییە بگرێت؟ چۆن لەم جیهانە پڕ لە کارەساتەدا، ئاوەز لە دەست نەدات؟ چۆن ڕێگە نەدات، توانای خەوبینینی لێ زەوت بکرێت؟

ژیلا دەیزانی ژیانێکی نوێ لەسەر شێوەی کۆن بەڕێوە ناچێت، بۆیە شێوازێکی ناباوی بۆ ژیان هەڵبژارد و ئەوەی بە شیعر نەیگوت، بە ژیان گوتی. شیعرەکانی درێژەپێدانی ژیانی بوون، ژیانی شیعرێکی درێژ بوو. لەناو شیعری ژیلادا هەستێکی گەرم هەیە، دەڵێیت درەختە و پەلی کێشاوە، دەتوانیت دەست درێژ بکەیت و تەوقەی لەگەڵ بکەیت. ژیلا شاعیرێک بوو یاخی، ژنێک بوو ئازاد، چونکە یاخیبوونی هەڵبژارد، بۆیە چەند ساڵێک ژیا، ئاخر ئەوانەی بە کۆیلەیی دەمێننەوە، هیچ ناژین، با تەمەنێکی درێژیش بەسەر بەرن. کەلەپوور باوکێکی کەللەڕەقە، تا نەیکوژین، ئازادیمان دەستگیر نابێت، ژیلا خۆی لە دابونەریتی بابسالاری ڕاپسکاند و هاواری کرد: ڕیشی پاشا پەتی سێدارەیە. ژیلا نموونەی جوانیی بوو، لە جانەوەر یاخی بووبوو.

**برۆدۆن دەیگوت:** (مرۆڤ بۆ ئەوە لە دایک نەبووە، باوەڕێکی حازر ببێتە زنجیری دەست و پێی بیرکردنەوە و ڕوانینی.)

بۆیە شوێنی سروشتیی کەسێکی وەک ژیلا، سەنگەری یاخیبووان بوو، ئاخر ئەو باڵندەیەک بوو کە سنووری دەبەزاند، داوای مۆڵەتی نەدەکرد. ژیلا بە نامۆیی ژیا و لەگەڵ دەوروبەری ڕانەهات، هەمیشە وەک کارمامزێک کەوتبێتە بۆسەوە، چاوی دەگێڕا، گوێی قوڵاخ دەکرد، بیری لە دەربازبوون دەکردەوە و نەیدەهێشت ڕاوچییەکان بیگرن و ماڵیی بکەن. ژیلا گوڵێکی کێوی بوو، گوڵە پلاستیکێکی سەر مێز نەبوو، دەیزانی هەر لەگەڵ دەوروبەر بگونجێت، دەمرێت و لە (ئیبسن)ەوە فێر بووبوو، هەمیشە کەمایەتی لەسەر هەقن، هەمیشە زۆربە بە هەڵەدا دەچن.

ژیلا دەیزانی بە ئازادی بیرکردنەوە و بە ئازادی ژیان مەحاڵە، ئەگەر لە کولتووری کۆن کە پیرەدرەختێکە بە زەبروزەنگ ئاو دەدرێت، خۆت ڕزگار نەکەیت. غەزالی دەیەوێت ئەوی لە ڕێی ڕاست لای دا، بە توندوتیژی بهێنرێتەوە ژێر بار، ژیلا لەو ڕێ ڕاستە لای دابوو، لەبەردەم دێوی زەبروزەنگدا چۆکی دانەدابوو.

**مارکس دەڵێت:** (تا چینێکی شۆڕشگێڕ پەیدا نەبێت، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لە دایک نابێت.) لە کوردستاندا، چینی شۆڕشگێڕ بزر بوو، بەڵام ژنێکی شۆڕشگێڕ حازر بوو، ژیلای ناو بوو.

ڕژێمی ستەمکار دەیەوێت چرای ناخی ئینسان خامۆش بکات، ڕێ لە هەڵچوونی گڕکانی خواستەکانی دەگرێت، دەخوازێت مرۆڤ چاو نەبڕێتە داهاتوویەکی گەشتر، دەیەوێت جیهان بۆ ئینسانیش باخێک بێت لە شێوەی باخی ئاژەڵان. ژیلا لەو بازنە و مەرزانەدا گیری نەخوارد، کەوی نەکرا و ئینسانبوونی خۆی لە دەست نەدا. ژیلا هەوڵی بۆ تێکشکاندنی بتەکان بوو، دەیویست جیهانی پڕ ستەم خاپوور ببێت. چەکی دەستی تەنیا شیعر بوو، شیعر پەپوولەیە و دوژمنانی شمشێروەشێنن. ژیلا لەوە زیاتر چی پێ دەکرا؟ دەیویست بە جوانیی شیعر، پشتی جیهانی دزێو لە زەوی بدات، ئەو ژنێک بوو شاعیر، هەر ڕۆژەی بەشێک لە جوانییەکەی دەنارده گۆڕەپانی شەڕێکی نابەرانبەرەوە، هەر ڕۆژەی شیعرێکی دەنووسی.

ژیلا خۆی بۆ گەلێک شت ئامادە کردبوو، چاوەڕێی زۆر شتی دەکرد، بەڵام خۆی بۆ مردن ئامادە نەکردبوو، نەیدەزانی وا زوو دێت، هێشتا بە تەواوی بە هەورازی سەختی ژیاندا هەڵنەگەڕابوو، چ زوو بە نشێویدا شۆڕ بووەوە و گەیشتە داوێنی؟ زووبوو، زۆر زووبوو، کاتی ماڵئاوایی نەبوو. ژیلا، لۆرکا گوتەنی:

(کۆترێکی سپی بوو، لەبەردەم پڵنگی مەرگدا هیچی بۆ نەکرا.) چیرۆکی ژیانی هێشتا لە نیوەی زێتری مابوو، چ زوو ڕێکەوت گوتی: چەپکێ گوڵ و چەپکێ نیرگز.

١- مناحم میسلون، غیاب الأب فی عالم عالم نجیب محفوظ، إیلاف ٣ مارس ٢٠١٢ (بدایة و نهایە، ص ١٩٩)



سەرچاوە
Serchawe

٢- فاضل السلطاني، رشدى العامل.. شاعر لا يجيد سوى الحب، الشرق الأوسط ٥ فبراير ٢٠١٢ لندن.

* ڤیسلاڤا شیمبۆرسکا

** نیتشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# ژیلا حوسێنی.. پێشەنگی ژنە شاعیرە نوێخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان




**ستار جەباری**

"سەرپۆشە شڕەکەی دایکم "*"
دەسبەرداری سەرم نابێ و
ئەڵێ: من هی داپیرەتم
ڕەنگە ئەویش لە داپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ
سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمانە
حەز ئەکا ڕۆژان میوانداری هەتاو بکات
شەوانیش مانگ و ئەستێرە
چاویلکەیەکی قەترانیش لە دایکم بۆ ماوەتەوە
ئەڵێ: دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەیبینی
لەگەڵ هەر گرمەی هەورێکا، قارچکی سەد پرسیاری
دووپات و تازەش

**لە چاوانما هەڵتۆقێت...**

زۆرترین بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکەمان شیعرە، سەرەتا هەر لەسەر عەرووزی عەرەبی نووسراون و بە کێش و سەرواوە بەستراون. بەرەبەرە ناسینی ئەدەبیاتی گەلانی تری دنیا و گۆڕینی ڕوانگەی شاعیران بووەتە هاندەرێ بۆ ئەوەی شیعر لەو شێوازی کلاسیکە بێتە دەرەوە و بەرەو نوێبوون هەنگاو بنێ. لەبارەی شیعری نوێی کوردیش، زۆر کەس پێیان وایە پیرەمێرد و شیخ نووری شێخ سالح پێش گۆران هەوڵیان داوە بۆ نوێکردنەوە، بەڵام خاوەنی ڕێباز و ڕێچکەیەکی تایبەت نەبوونە بەخۆیان.

گۆران بنچینەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دانا و لە سۆنگەی تێگەیشتن و قووڵبوون و خوێندنەوە و زانینەوە کەوتە داهێنان و تا ئێستەش کاریگەریی لەسەر دنیای شیعری کوردی هەر ماوە. گرنگیی گۆرانیش لەوەدایە یەکەم شاعیری نوێخوازی کوردە کە شێوازی عەرووزیی عەرەبی لە شیعری کوردیدا لابردووە و بەشێوازی فولکلۆری کوردی هۆنراوەی نووسیوە.
شیعری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە پاش مامۆستایان "ئەدەب و وەفایی" وەک نوێنەری شیعری کۆنی کلاسیک، مامۆستا "سەیفولقوزات" بە کاریگەریی لە دۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژیا، لە رووی فکرییەوە ڕوانینێکی تری هێنایە ناو شیعرەوە، کە زۆرتر رۆڵی لەسەر هەستی نەتەوایەتی و بەرگریی دەگێڕا و بە جۆرێک دەتوانین "سەیفولقوزات" بە جڵەوداری شیعری بەرگری دابنێن. لە پاش ئەویش لە هەلومەرجێکی سیاسیی تایبەتدا مامۆستایان "حەقیقی، هێمن، هەژار، خاڵەمین، ئاوات و.. هتد"، دێنە مەیدانەوە و درێژەدەری ڕێی سەیفولقوزات دەبن و شاعیرانێکی بەتوانا و ناوداریان لێ دەردەچێ. پاشان ڕەوتی نوێخوازی شیعری فارسی لە ئێران دەکەوێتە جموجووڵ و کوردستانیش لێی بێبەری نابێ تا "سوارە ئیلخانیزادە و فاتیحی شێخولئیسلامی و عەلی حەسەنیانی و ژیلا حوسێنی و.."، دەبنە سەردەمداری شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵات.

ئەگەر گۆران بە باوکی شیعری نوێی کوردی بێتە ئەژمار، ئەوە سوارەی ئیلخانیزادە باوکی شیعری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستانە، "ژیلا حوسێنی"یش پێشەنگی ژنە شاعیرە نوێخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و یەک لە سێکوچکەی جوانەمەرگی شیعری نوێیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکهاتووە لە هەرسێ شاعیری جوانەمەرگ (سوارەی ئیلیخانیزادە و مارف ئاغایی و ژیلا حوسێنی). ئەوەی زیاتر جێی شانازییە، ژیلای جوانەمەرگ شیعری کوردی لە قۆناغێکەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ، بەلام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا بەردەوام بێت لە کاروانەکەی.

ژیلا حوسێنی لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لە بنەماڵەیەکی ئاینی سەربە شێخانی دۆزەغەرە لە دایک بووە، لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٨بەدواوە بە تەمەنێکی کەمەوە زۆر زوو تێکەڵ بە ژیانی هاوسەرگیری و ماڵداری دەبێت"**"



سەرچاوە Serchawe

سەرەڕای ئەوانەیش بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا رۆڵی بەرچاو دەبینێت، بەتایبەت لە ئەنجوومەنەکانی شاری سنە و سەقز. دوایەمین چالاکی خۆی لە شاری سەقز بە وتارێکی ئەدەبی و توێژینەوەیەک لە کۆنگرەی مەولەوی کورددا بەشداری چالاکانەی هەبووە، بۆ کۆنگرەی فەرزانەگان کە لە شاری سنە بەڕێوە چوو، بەناونیشانی (روانگەی نوێخوازییانەی سوارەی ئیلخانیزادە). بەداخەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی سیمینارەکە جێی "ژیلا" بەگوڵ نەخشێنرابوو، وتارەکەی ژیلاش لەلایەن "کولسوومی عوسمان پوور"ی هاوڕێیەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

ئەم ژنە شاعیرەی شاری سەقز لە رۆژی ٢٧ - ٩ - ١٩٩٦ هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی کە دەیانویست بچنە شاری تاران بۆ بینینی شاعیر شێرکۆ بێکەس** لەڕێدا تووشی رووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل دەبن و ژیلای شاعیر لە تەمەنی ٣٢ ساڵی و لەگەڵ کچە تەمەن کورتەکەی بەناوی "ژینا" گیانیان لە دەست دەدەن. بەم کۆستەی ناوادەیەی ژیلا، گەلی کورد بەگشتی و شاری سەقز بەتایبەتی ژنە شاعیرێکی بوێر و چاونەترسی بواری ئەدەب و گەشە کۆمەڵایەتییەکانی لە دەست چوو. هەواڵی مەرگی ژیلا حوسێنی سەرەڕای نەبوونی دەزگەی راگەیاندنێکی ئەوتۆ لەو سەردەمەدا، کەچی زوو بەوڵاتدا بڵاو بووەوە و شاری سەقز سیخناخ بوو لە ئاپۆرای ئاشقانی شیعر و ئەمەکدارەکانی ژیلا لە پرسەی ئەو شاعیرە، تەرمی ژیلا و کچۆڵەکەیان لە گۆڕستانی دۆزەغەرە لە رۆژهەڵاتی شاری سەقزدا لە تەنیشت باب و باپیرانی بەخاک سپارد.

## بەرهەمەکانی ژیلا:

یەکەم بەرهەمی دەستنووسی ژیلا حوسێنی، چیرۆکی "بربادرفتە"یە کە بەزمانی فارسی نووسیویەتی. سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ لە بەشی کوردیی رادیۆ سنە لە بەرنامەیەکدا بەناوی "ئێمە و گوێگرەکان" دەستی بەکار کرد، زۆر بەجوانی شارەزای هەموو بەیتە کوردی و ئاشنای زۆربەی شیعر و شێوازی شیعری شاعیرانی کورد بووە، بۆ هەمیشە شانازیی پێوە دەکردن و لەو بوارەیشدا قەڵەمەکەی خستەگەڕ و گەلێک بەرهەمی بەنرخی لە دووتوێی کتێبدا پێشکەش بەدنیای وێژە و ئەدەبی کوردی کردووە، ئەوانەش بریتین لە دیوانە شیعری "گەشەی ئەوین"، یەکەم بەرهەمی شاعیر. لە ساڵی ١٩٩٥دا چاپ کرا. دیوانە شیعر و چەند چیرۆکێک بە ناوی "قەڵای ڕاز" لە ساڵی ١٩٩٩ پاش مەرگی چاپ کراوە و لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** پاشماوەی شیعرە کوردییەکانیەتی.

**بەشی دووەم:** هەڵبژێراوی کورتیلە چیرۆکە کوردییەکانیەتی.

**بەشی سێیەم:** کۆمەڵە شیعرێکی ژیلا بەزمانی فارسی کە خۆی ناوی "باران"ی لەسەر داناون.

وەرگێڕانی چیرۆکی "تەلەبی مەعریفەت" لە نووسینی سادقی هیدایەت کە لە گۆڤاری راماندا لە هەولێر بڵاو بووەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

وەرگێڕانی ڕۆمانی "دزیره" لە فارسییەوە بۆ کوردی.
کۆمەڵە و تارێکی هەمەڕەنگ.

کۆمەڵە شیعرێک بۆ منداڵان لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی "چەتر" لەم ساڵانەی دوایی لە شاری هەولێر چاپ و پەخش کرا .

شێرکۆ بێکەس بۆ کۆچی دوایی ژیلا حوسێنی هۆنراوەیەکی درێژی نووسیوە بەناونیشانی "ژیلا" و ئەمەش بەشێک لە هۆنراوەکەیە.

هاوار.. هاوار
ئەرێ نازانن لە کوێیە؟!
ئەرێ توخوا نەتاندیوە؟!
لەملەکانی " شاهۆ "وە
پەرییەکی قژ نارنجیی
نیوەی شەو و نیوەی هەتاو
پەرییەکی شیعری "حافز"
نیوەی گوڵ و نیوەی تەرزە
کچی تەم و کچی باران
هات.. داگەڕا و
گەیشتە لام و پێی وتم:
- من خۆم دیومە "ژیلا " بووە بە شەتاوێ
لەو کاوانە و "ژیلا " بووە بە چنوورێ لەو کەژانە و
"ژیلا" بووە بەماسییەکی باڵداری ناو "زرێبار"
من خۆم دیومە. ئێستە ئەو لەناو هەورایە و
لەسەر کورسییەکی بەرزی ئەرخەوانی دانیشتووە و
بە گزنگ شیعر ئەنووسێ و کراسێکی ئاودامانی
مانگەشەوی لەبەردایە

## سەرچاوەکان:

١- بەرهەمە چاپکراوەکانی ژیلا حوسێنی.

٢- شێرکۆ بێکەس- دیوانە شیعری نسێ."".

٣- سوارە ئیلخانیزادە پێشەنگی شیعری نوێی کوردی، نووسینی "ئەرسەلان چەلەبی" ئاسۆی رۆژهەڵات 7 - 2 - 2018.

* شیعری ژیلا حوسێنییە.

** بە پێچەوانەی ژیلا، زۆربەی ژنە شاعیر و هونەرمەندەکانی کورد کاتێ هاوسەرگیریی دەکەن، لە دنیای ئەدەب و هونەر دوور دەکەونەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# ژیلا حوسێنی، قەڵەمێک بە چەشنی ئازاری گەل




**هێلین ڕەشید**

نووسەر، توێژەر و بێژەرێکی سەرکەوتووی ڕادیۆ، لە بواری هونەر و وێژەی کوردیدا بەتایبەت هۆنراوەی نوێی کوردی بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کردووە، وەها پێناسەی دەکرێت، کە یەکێک بووە لەو ژنانەی هۆنراوەی نوێی کوردی هۆنیبێتەوە.

**ئەو ژنەی ڕێبازی نوێی هۆنراوەی کوردی گرتەبەر و ڕێبازەکەی پێدەناسرێتەوە، ژیلا حوسێنییە.**

ژیلا حوسێنی لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەری، هونەر دۆست و ڕۆشنبیردا لە دایک بووە.

هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە بەهرەی ژیلا بووەتە جێگای سەرنجی مامۆستایانی وێژە و ڕۆڵیان لە هاندان و پشگیریکردنیدا هەبووە.

هۆنراوەکانی ژیلا ڕەنگدانەوەی سەردەمی نوێ و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بووە، هەروەها یەکێک بوو لەو هۆنەرانەی کە هەستیارترین پرسەکانی کۆمەڵگەی دەوروژاند، چونکە هۆنراوەکانی بۆ نیشاندانی چەوساندنەوەی ژنان و مافی ژنان لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری سالانی ٥٠ و شەستەکاندا تەرخان کردووە و توانی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک دروست بکات.

یەکەم ئاواز و نووسینەکانی ژیلا بە زمانی فارسی بوون و ئەمەش تا ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥ بەردەوام بووە، کاتێک ژیلا لە بەشی کوردیی ڕادیۆی سنە لە بەرنامەی (ئێمە و گوێگران) دەستی بە کار کرد، بووە پاڵنەرێک بۆی کە دەست بە نووسینی بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی بکات.

هۆنراوەکانی ڕەنگدانەوە چەمکەکانی ژن و پرسی مافی ژنان، وێژەی کوردی مۆدێرنیستی و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، ژیلا لە بواری نیشتمانپەروەریشدا دەینووسی و پرسی نەتەوەیی ونیشتمانی و کیمیابارانی هەڵەبجەش هەوێنی بەشێک لە هۆنراوەکانی بوو.

هۆنراوەکانی ژیلا، هێڵی ڕەنگاوڕەنگی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ و زمانێکی نوێی نووسین بوو، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەربڕینی پرسەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکدا دروست ببێت.

ژیلا لە کۆڕ و کۆبوونەوە وێژەیی و کولتوورییەکاندا بە تایبەت لە ئەنجومەنەکانی شاری سنە و سەقز بەردەوام بەشداری دەکرد، دیوانە هۆنراوەکانی (گەشەی ئەوین، قەڵای نهێنیەکان، داوای لێبوردن و قەڵای ڕاز) بەشێک لە بەرهەمەکانین و چەندین شیکردنەوەی لەسەر ژیان و هۆنراوەی هۆنەرانی هاوچەرخ نووسیوە، بەشێک لە بەرهەمەکانیشی بە چاپ نەگەیەندراوە.

ژیلا لە بەرەبەیانی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٩٦ لەگەڵ بنەماڵەکەی، کە دەیانویست بۆ بینینی شێرکۆ بێکەس بچنە شاری تاران لە ڕێگادا تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن و ژیلا گیان بەخت دەکات، لە گۆڕستانی دۆزەغەرە لە شاری سەقز بە خاک دەسپێردرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی ژن - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە Serchawe

# سووکە ئاوڕێک لە ژیانی ژنەشاعیری کورد ژیلا حوسێنی



**پایگاه خبری هاژە**

ژیلا حسێنی لە ڕۆژی ٣١ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لەشاری سەقز لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست و ئەدەبپەروەر لەدایک بووە. لەگەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵەکانی ١٣٥٧ی هەتاوی بەدواوە بە تەمەنێکی کەمەوە زۆر زوو تێکەڵ بەدنیای ژیانی هاوبەشی دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هەمیشە لە کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا ئامادە دەبێت و دەوری بەرچاو دەگێڕێت.

حسێنی لە بواری شێعری نوێی کوردیدا وەک یەکەم شاعیری ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسێندرێت کە قەڵەمی لێداوە. ناوبراو لە دواین چالاکییەکانی خۆیدا لە ئەنجومەنەکانی سنە و سەقز بەشدار بووە کە بۆ نمونە لە ئەنجومەنی ئەدەبی سەقز بە وتارێکی ئەدەبی و توێژینەوە لە کونگرەی مەولەوی کوردا بەشداری چالاکانەی بووە. هەروەها ناوبراو بۆ کونگرەی فەرزانەگان کە لە شاری سنە بەڕێوە چوو ڕوانگەی نوێخوازیانەی سوارەی ئیلخانی زادەی لە وتارێکی تێروتەسەلدا ئامادە کردبوو کە بەداخەوە بەهۆی کارەساتی ڕووداوی هاتووچۆ نەیتوانی بەشداری کۆنگرەکە بکات، هەر بۆیە لە کاتی بەڕێوەچوونی سێمینارەکە جێگای ژیلا بەگوڵ نەخشێنرا بوو و هاوڕێکی ژیلا بەناوی کولسوومی عوسمانپوور بەچاوی فرمێسکاوییەوە وتارەکەی ناوبراوی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.



بەداخەوە ئەم خاتوونەشێعرەی دەڤەری عەشق و جوانی و ئاوەدانی کوردستان لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی هاوڕێ لە گەڵ بنەماڵەکەی کە دەیانویست بچنە شاری تاران و لەوێ بە دیداری شاعیری پایەبەرز شێرکۆ بێکەس شاد بن، لە نێوان ڕێگای سنە - دێولان تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ماشێن دەبن و بە پەژارەیەکی زۆرەوە ژیلای شاعیر لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا لەگەڵ کچە تەمەن کورتەکەی بەناوی "ژینۆ" گیانیان لەدەست دەدەن. تەرمی ژیلای شاعیر و منداڵەکە بە بەشداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و چینی شاعیران، ئەدیبان و نووسەران بەتایبەتی لە گۆڕستانی دۆزەغەرە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەقز بە خاک دەسپێردرێت. شێرکۆ بێکەس لە دیوانی (نسێ)یدا هۆنراوەیەکی بۆ ئەم کۆستە نووسیوە و لەوێدا یادی ژیلای کردووە.

بەم کۆستە، کورد ژنەشاعیرێکی بواری ئەدەب وگەشەکۆمەڵایەتیەکانی لەکیس چوو. ئەگەر لاپەڕەی ژیانی ئەدەبی و هونەری ژیلا حسێنی هەڵبدەینەوە دەبینین کە شێعرەکانی ژیلا لەسەر سەکۆی خۆشەویستی، نیشتمانی و کۆمەڵایەتی دەوەستنەوە. یەکەم بەرهەمی دەسنووسی ژیلا حسێنی چیرۆک "بربادرفتە"یە کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی، هەر بەو پێیە هەوەڵین بەرهەمەکانی ژیلا بەزمانی فارسی بوون هەتا سەرەتای ساڵەکانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ی هەتاوی کە لەبەشی کوردی ڕادیۆ سنە لە بەرنامەیەکدا بەناوی "ئێمە و گوێگرەکان" دەستی بە کار و تێکۆشان کردووە.

حسێنی شارەزای هەموو بەیتە کوردی و ئاشنای زۆربەی شێعر و شێوازی شێعری شاعیرانی کورد بووە کە لەم بوارەشدا قەڵەمەکەی خستۆتە گەڕ و گەلێک بەرهەمی بەنرخی لە دووتۆی کتێب و دەفتەردا پێشکەش بە دیوەخانی وێژە و ئەدەبی



سەرچاوە
Serchawe

کوردەواری کردووە.

بەرهەمەکانی بریتین لە:

دیوانە شێعرێک بەناوی "گەشەی ئەوین" کە یەکەم بەرهەمی شاعیر بووە و لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی چاپ و بڵاو بۆتەوە.

دیوانە شێعر و چەند چیرۆکێک بەناوی "قەڵای راز" ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی پاش مەرگی شاعیر لە سێ بەشدا بڵاو بوونەتەوە کە بریتین لە:

بەشی یەکەم: پاشماوەی شێعرە کوردییەکان

بەشی دووهەم : هەڵبژێردراوی کورتیلەچیرۆکە کوردیەکان

بەشی سێهەم: کۆمەڵە شێعرێک بەزمانی فارسی کە کۆچکردوو بۆ خۆی ناوی "باران"ی لەسەرداناون.

وەرگێڕانی چیرۆکی"تەلەبی مەعریفەت" لەنووسینی سادقی هیدایەت کە لە گۆڤاری ڕامان لە هەولێر بڵاوبۆتەوە.

وەرگێڕانی ڕۆمانی "دزیرە" لە فارسییەوە بۆ کوردی.

کۆمەڵە وتارێکی هەمەرەنگ.

کۆمەڵە شێعرێک بۆ منداڵان

سەرچاوە: ماڵپەڕی پایگاە خبری هاژە - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## شاعیری لیریکی شیعر چەشنی میلۆدراما - ژیلا حسێنی وەک نموونە-



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

شیعری لیریکی تەعبیر لە بیرکردنەوەی کەسی و سۆزەکانی دەکات، لە زمانی ستانداردی خەڵکییەوە نزیکە... دەتوانم بڵێم شیعری (ژیلا حوسێنی ١٩٦٤ - ١٩٩٦) دەکەوێتە نێوان سۆزگەرایی و ئاوازگەراییەوە و هەموو ئەوانەش کاریگەری دەروونی شاعیر بەڕێوەیان دەبات! بە دیوەکەی دیکە جیاکاری شیعری ژیلا حوسێنی لە پلە بەرزەکانی (دراماییبوون) و بەرجەستەکردنی (دەنگی کەسی)یدا دەبینرێت! ئەگەرچی ئەوەی دووەمیان خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری لیریکی، بەڵام هەندێکجار لە شیعری ژیلا حوسێنی ئەو (دەنگە) پێناسەی (منی شیعری) دەکات و لە (منی دانەر) جیا دەبێتەوە، وەک چۆن دەشێ (دراماییبوون) بکەوێتە دەرەوەی (جەستەی شیعر)ەوە و شێوەی جیاواز بنوێنێ...

١

بە گشتی شاعیرانی لیریکی لەسەر ئەو هێڵە ڕێچکەیان گرتووە، کە مێژووی وشە بە پتەوی ماناوە بلکێنن، وەک چۆن گوتن و ڕیتم موتوربەی ڕووداوی مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سیاسی... دەکەن، هەروەها شاعیرانی لیریکی بیر



سەرچاوە
Serchawe

لە بەدوایەكداهاتنی وشە و كۆتایی دالە گشتییەكان دەكەنەوە... بە كورتی قەسیدەی لیریكی وەك ئامرازی گوزارشتكردن دەلالەت لە پاڵنەری هەستی دەروونی شاعیر و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ دەكات و دەكەوێتە نێوان پەرچەكرداری دەروونی هێمنی ئومێدبەخش و حاڵەتی خەونبینی وەك لە شیعرەكانی لانگستۆن هیوز... دەبینرێت، یان دەلالەت لە ستایلێكی وروژێنەر دەكات، وەك لە شیعرەكانی والت ویتمان... دیارە...

٢

دەنگی ژیلا حوسێنی دەنگی مێژووی وشە و دەنگی (منی شیعری)یە و لە زۆربەی باردا بە پتەوی ماناوە دەلكێت و ستایلێكی وروژێنەری هەیە، وێڕای ئەوەش درامابوونی گوتن و ڕیتم بە یەكەوە كۆدەكاتەوە و بە ڕووداوەكانی دەبەستێتەوە... بۆ نموونە:

ئەمشەو یاد و تاسەی دووریت
لە خەوێكی ئەفسووناوی ڕایچەنیوم
لێوەكانم بە وشەی خەم پشكوتووە و
هەتا دێ هەر پەرە ئەگرێت
چەن بە قوفڵی ساردی دڵمەوەی ئەنێم
چاری ناكات.
(سەمایەک لە نێوان ئاو و ئاگر، ل ٤).

لەو كۆپلە شیعرەدا ئەگەرچی دەنگی (منی شیعری) دەكەوێتە ژێر دەنگی (منی دانەر)ەوە، وەك دەستەواژەی (ڕاچەنین) دەیسەپێنێ، واتە دەنگی ڕاچەنینی دیار (وەك دەنگی منی دانەر) بە خەمگینییەوە تێكەڵ بە هێمنی و ئومێدی دەنگی پشكوتنی نادیار (وەك دەنگی منی شیعری) دەبێت، یان بە مانایەكی دیكە لە دووتوێی گوتراوی دەنگی (ڕاچەنین)ی منی دانەر، منی شیعری كۆمەڵێک نەگوتراوی پێكەوەنراو لە ڕێگای دەنگی (پشكوتن)ەوە بە گوێی خوێنەردا دەچرپێنێ، ئەو چرپاندە هونەرییە و چێژە هونەرییە نادیارە و نوێیەی (منی شیعری) پەیوەندی بە ئاگایی جیاواز و چێژی جیاواز و دیدی جیاوازی (منی دانەر)ەوە نییە: لەوێوە كە منی دانەر منی مەعریفەی شیعری دەگەیەنێت، لەوێوە كە (منی دانەر) جیاوازی دید ناس دەكات، لەوێوە كە منی دانەر چێژی ئاسۆیی دەنوێنێ... بەڵام (منی شیعر) ڕۆڵی نەگوتراوی مەعریفی و نهێنی زمان و چێژی ستوونی دەگێڕێ...

دەمەوێ بڵێم جیاوازییەک لە نێوان (منی دانەر)ی دیار و (منی شیعری) نادیار هەیە، ئەو جیاوازییەش پەیوەندی بە هەستی تێگەیشتنی گوتراو و نهێنی نەگوتراوە جیاوازەکانەوە دەکات! بە مانایەکی دیکە هەستی دانەر پەیوەندی بە دەنگی ڕاچەنینی دیارەوە دەکات، هەستی نادیاری شیعری پەیوەندی بە دەنگی پشکوتنی نادیارەوە هەیە!

دواجار (منی شیعری) ئەفراندنی دنیایەکی نوێ و دیتنی شتە نادیار و ئومێدبەخش و دۆزینەوەی خەمەکانی منی شیعرییە، لە بەرانبەر مێژووی ڕووداوی چەمکی ڕاچەنینی دیار، کە دەلالەت لە نائومێدی (منی دانەر) دەکات... بەمجۆرە گوتن و ڕیتمی دەنگی پشکوتن لە ناوەوەدا بەسەر مێژوویی گوتنی دەنگی ڕاچەنیندا زاڵ دەبێت.

## ٣

قسەکردنی من لە بارەی زمان وەک قەرارەیەکی مەتریال دەستلێدراو و زمان وەک شتێکی ڕووت (ئەبستراک) هەر ئەوەمان پێنـاڵێن کە دەنگەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن، وەک ئەوەی بابەتی یەکەم بن لە بیرکردنەوەی دانەر و فۆڕمەکانی موزیکای نووسیندا، هەموو دەنگێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵکو ئەوەش دەڵێن کە لە حاڵەتی نووسیندا زمان قسان دەکات نەک من، زمان لەمیانی مندا قسان دەکات! وشەکان دەبنە خاوەنم، دەمکەن بەهی خۆیان: ڕاستە من خاوەنی دەنگەکانم (دەنگەکان لە دەمی من دەردەچن) بەڵام یەکێکی دیکە لە نووسیندا قسان دەکات، ئەویش منی نووسەر، منی شیعرییە! بۆیە دەشێ کاریگەری دەنگی وشە وەک لە سەرەوە قسەم لێکردووە بە هەند هەڵبگرم؟! بەو مانایەش هەوڵدەدەم هەژموونی ڕیتم لە کاریگەری زمان کورت بکەمەوە، نەک هەر هێندەش بەڵکو دەتوانم کاریگەری هونەریشی بخەمە پاڵ! کەواتە زمان بوونێکی ماددی هەیە، وشەکان لە جەستەی (دانەری شیعری) هەڵقوڵاون، بەڵام زمان ڕێگا بە گوزارشتکردنی تاکخوازانە دەدات، لێرەوەیە هەستی (منی شیعری) دەیانبڕێ و ناشێ خوێنەرانی جیدی درک بەو نهێنییە نەکەن! زمان قەوارەیەکی ماددی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسایەکی مەتریالی بۆ قسان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وشەکان هەمیشە هەڵگری هەڕەشەن بەوەی کە دەگۆڕێن بۆ دەنگ... بڕوانە دەنگی: (ڕاچەنین) و (پشکوتن) لەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا!

وشەکان لە کۆمەڵێک گرووپی دەنگی پێکهاتوون و بنەمایەکی دووانەیی و هەندێجار دژ بە یەک پێکدەهێنن، واتە ڕەمزی مانان و لە هەمانکاتدا فۆڕمی خۆیان هەیە، بەمجۆرەش دەنگی وشەکان بە شێوەیەکی زیندوو تێکەڵ بە یەکتر دەبن و هەر دەنگێکیش لە خودی خۆیدا بۆ ئاکامی تایبەتی خۆی دەگەڕێ و دەیەوێت خۆی بسەلمێنێ! بەمجۆرە ئەگەرچی منی دانەر هەوڵی بە ئاکام گەیشتنی خۆی دەدات، بەڵام بەو مانایە نییە، کە منی زمان هەوڵی بە ئاکام گەیشتنی خۆی لە بیر کرد بێت، بەو مانایەش ئەو دەنگانەی کە لە وشەکانەوە دێن، چ وەک دەنگی دانەر و چ وەک دەنگی زمان، لە جوڵەی خۆیان

ناکەون و هەموو دیاردەیەکی دەنگیش دەلالەتی خۆی بەسەر چنینی دەنگی و کارای دەنگیدا هەیە.

٤

لە بەشێک لە کارەکانی ژیلا حوسێنی گوزارشتکردنێکی ئەدەبی درامی و هونەری نواندن و هەست جوڵاندن دەبینرێت، ئەو تەعبیرکردنەش تێکەڵ بە وێناکردنی خەمە مرۆییەکان و کەسایەتی و گێڕانەوە دەبێت و لەوێشەوە هەوڵدەدات ڕووداو و سێنتیمنتاڵییەت لە ڕیتمێکی موزیکی تایبەت ڕەنگڕێژ بکات! بە گشتی کارەکانی ژیلا حوسێنی میلۆدرامییە و (Melodrama) پڕە لە هەست و نەستی مرۆڤایەتی و بە ئاسانی خوێنەر بۆ خۆی کێش دەکات.

دەتوانم بڵێم هەمیشە سروشتی جوانی لە شیعرەکانیدا لەژێر هەڕەشەی دیاریکردنی وەسفدایە، چونکە باری وەسف لای ژیلا حوسێنی جارێک جوانە و جارێک وەسفە، جارێک دووچاری سەرسامیمان دەکات و جارێکی دیکە وەسفە... ئەوەش پەیوەندی بە خەیاڵکردنی منی شاعیرەوە هەیە، چونکە هەرگیز ناشێ مانای (منی دانەر) هەتا هەتایە کاریگەری جوانی هەبێ، وەک چۆن هیچ مانایەکیش نییە تەنها لەسەر (منی شیعری) بژی...

دەمەوێ بڵێم دەقی داهێنەرانە لەوێدا خۆی دەبینێتەوە، کە پێوەرە هونەرییە باوەکان تێدەپەڕێنێ و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و پانتایی ڕۆشنبیری باو دەگۆڕێت! هەموو ئەوانەش جیاوازی چێژ و خۆشی ڕابەرایەتیان دەکات... جگە لەوەش هەموو ئەوانەی قسەمان لێکردن لە داهێناندا قابیلی ڕەتکردنەوەی بێ سنوورە، ئەگەر ڕەتکردنەوە توانای نوێکردنەوەی هەبێت و نەکەوێتە شێوازگیرییەوە، نەکەوێتە چوارچێوەی ئامادەوە، چونکە هەرگیز ناتوانین سەرچاوەکانی داهێنان دەستنیشان بکەین...

دواجار نوێ نایەوێت وەک کۆن بێت، نایەوێت بە هێڵێکی ئاسۆیی هاوگونجاو و ئامانجداردا هەنگاو بنێت، بەڵکو پەسنی ئەو ڕۆشنبیرییە دەکات، کە ئەمڕۆی کۆمەڵگای پێدا تێدەپەڕێت، وێنەی ئەو ماوەیە دەگرێت، کە لە نێوان (خود) و (دنیای دەرەوە) دایە، وێنەی سەردەمێکی دوولەتبوو، سەردەمێک کە جەستە و ڕۆح دەکەوێتە ژێر ڕۆشنایی بیستراو و بینراوەوە.

٥

بەسیە ئیتر بزە و کەنین... تیلەی نیگا
سەد ئەوەندە نازداریت و

**ڕێکوپێکی بەژن و باڵا**
**دڵم دەبا**

(قەڵای راز، ل ٩).

سەرچاوە: سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئازاری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## دەنگێکی ژنانەی ئەدەبی کوردی
## ژیلا حسێنی.. خوێندکارێکی سوارە ئیلخانیزادە لە نوێگەرییدا



مەستورەی ئەردەڵان ژیلا حسێنی

**ئامادەکردنی: مستەفا فاتیح**

تـا چەنـد دەیە لەوەوپـێش، مێـژووی ئەدەبـی کـوردی مێژوویەکـی پیـاوانە بـوو، زۆر کەم دەنگـی ژنـانە و ژنـانی نووسـەر دەردەکەوتن. دۆخی کۆمەڵایەتی زاڵی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، خوێندنی باو کە خوێندنی مزگەوت بوو، زۆر کەم بـوون ئەو ژنانەی دەنێردرانە مزگەوت، بیرکردنەوەی پیاوسالاری کۆمەڵگە، وایکردووە ئەدەبی ئێمە، ئەدەبێک بێت دەنگی پیـاوانە تێیدا باڵادەست بێت. ئەم تایبەتمەندییە تەنها تایبەتمەندیی ئەدەبی ئێمە نییە، بەڵکو لە راستیدا ئەدەبی کلاسیکی جیهان بەگشتی ئەدەبێکی پیاوانەیە .

لە ناوچەکەش بە هەمانشێوە بەهۆی هاوشێوەبوونی باری کۆمەڵایەتی و کەلتوری بـاوەوە، کەمن ئەو ژنـانەی دەرکەوتـوون و ئەگەریش ژنانێک هەبووبێت، لەلایەن کۆمەڵگەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکیش لەو ژنـانە کەمتر وەک ژن نووسیویانە و زیاتر مۆرکی نێرسالاری بەسەر دەق و نووسینەکانیانەوە زاڵ بووە.

لە ئەدەبـی کوردیـدا و بەتـایبەتی لە باشـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ژنـانێکی وەک مەسـتوورەی ئەردەڵان، جەهانئـارا پـاوەیی، وەک پێشـەنگەکانی شیعری ژنـان نـاودەبرێن، لەکاتێکدا شیعری جەهانئـارا دەنگێکی ژنـانەی تێـدا دەبینرێت و تایبەتمەنـدییەکانی شیعری ژنـانەی تێدایە، بە پێچەوانەی شیعری مەستوورەی ئەردەڵانەوە کە زۆربەی وێناکـان وێنـایەکی پیاوانەن و زمانێکی پیاوانە بەسەر شیعرەکانیدا زاڵە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتنی ژنانی کورد لە ئەدەبدا زیاتر بووە، ژنـانی شـاعیر و نووسەر دەرکەوتـوون و تواناکانی خۆیان نیشانداوە، ژنانێکی وەک دایکی جەمال، گەلاوێژخـان، ئەحلام مەنسوور، وەک دەنگی ژنـانە دەرکەوتـوون. زمانی نووسینیان زمانی ژنانەیە .

ئەم رەوتە لە دەیەی ١٩٧٠بە دواوە، زیـاتر دەرکەوتـووە کە ژنانێـک هـاتوونەتە مەیـدانی نووسینیانەوە بە دەنگی ژنـانە و ئەم دەنگانەش لەلایەن کۆمەڵگەوە وەرگیراوە و بە گرنگیشەوە لێی روانراوە.

### لە کۆتایی کتێبی «قەڵای راز»دا، ئەدەبێکی ژنانە دەبینی کە خەریکە وەک رەگەزی مێ باس لە ئازارەکانی و ژنبوونی خۆی دەکات

### ژیلا دەنگێکی نەترس

یەکێـک لەو دەنگـانەی لە ئەدەبـی کوردیـدا وەک دەنگێکـی ژنـانە دەرکەوت و زۆر زووش لەلایەن کـۆمەڵگەوە بەرهەمەکـانی وەرگیـراوە، (ژیـلا حسێنی)ە. ژیـلا لە سـاڵانی ١٩٨٠و دواتـرەوە دەستیکرد بە نووسین و نـاوبـانگی ئەدەبیی ژیلا زۆر زوو لە کـۆمەڵگەی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و پـاشـان باشووری کوردستـانیش دەنگی دایەوەو تەنـانەت شیعرەکانی بـۆ بەشێکی زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان لەوانە: فارسی، عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

ئەدەبی ژیـلا، دەنگێکی ژنـانەیە، لە شیعرەکانیدا و لەو چەنـد چیرۆکەشدا کە لە کۆتـایی کتێبـی «قەڵای راز»دا هـاتوون، تێیدا ئەدەبێکی ژنانە دەبینی کە خەریکە وەک رەگەزی مێ باس لە ئازارەکانی دەکـات، بـاس لە ژنبـوونی خۆی دەکـات. ئەو نایەوێت وەک دایکی و داپیرەی بژی، تووڕەیە لەوەی دەیانەوێت ژیانی ئەوان، دونیای ئەوان دووبارە بکاتەوە.

### نهێنییەکانی عەشقێکی بێ ئەنجام

قەڵای راز، قەڵای رازێکی ژنانەیە کە نهێنییەکانی عەشقێکی بێ ئەنجامی کچێکی تێدایە، نهێنییەک، کە دەبێت بپارێزرێت.



سەرچاوە Serchawe

ژیلا دەکرێت وەک نووسەرێکی ریالیست بناسین. ریالیستبوونێک کە ئازارەکانی کۆمەڵگە، ئازارەکانی ژن بوون لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری تێدا وێنا کراوە. شاعیر لەگەڵ ئەوەی لەناو واقیعی کۆمەڵگەدایە، بەڵام شیعرەکانی نەچوونەتە بازنەی دروشمدانەوە. ئەو بەوپەڕی دەربەست بوونەوە خەریکە دەنووسێت و دەشزانێت شیعر چییە و زمانی شیعری دەناسێت. لەو هەموو هێرشەش ناترسێت کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکرێتە سەری، ئەو دەزانێت پێشەنگبوون و بوێربوون ئاسان نییە.




## ژیاننامەی ژیلا حسێنی

ژیلا حسێنی، کچی شێخ مەهران، لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٦٤، لە شاری سەقز لە دایکبووە. هێشتا تەمەنی شەش ساڵ بووە کە باوکی لە بەشی یاسای زانکۆی تاران وەرگیراوە و بەهۆی خوێندنی باوکییەوە روو دەکەنە تاران و پێنج ساڵ لە تاران دەژین و خوێندنی سەرەتایی لە تاران دەستپێدەکات .

دواتر بەهۆی کاری باوکییەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و لە شارەکانی بانە، کامیاران، مەریوان، سەقز و سنە نیشتەجێ دەبن و ژیلا لەم شارانە تا پۆلی یەکەمی ئامادەیی دەخوێنێت، بەڵام لە پۆلی یەکەمی ئامادەیی و لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا واز لە خوێندن دەهێنێت و لەگەڵ کوڕە مامی خۆی (وەفا حسێنی) زەماوەند دەکەن. بەڵام دوای پێنج ساڵ لە هاوسەرەکەی

جیادەبێتەوە و بەرهەمی ئەو ژیانەش، کچێکە بە ناوی «بەهار حسێنی» کە ئەویش شاعیرە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. ژیلا دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی، بڕیار دەدات درێژە بە خوێندن بدات و هاوکات لە بەشی کوردیی رادیۆی سنە، دەستدەکات بە کارکردن و دەبێتە پێشکەشکاری بەرنامەی «ئێمە و گوێگرەکان».

ساڵی ١٩٨٩ ژیلا بۆ جاری دووەم لەگەڵ «شارۆخ نەوسوودی» زەماوەند دەکات و بەرهەمی ئەو هاوسەرییەشی کوڕێکە بەناوی «رامین».

ئەدەب و کاری ئەدەبی ببوو بە خولیایەکی گرنگی ژیلا و لەو رووەشەوە شیعری کردبووە ماڵی خۆی و خۆی لەو دونیایەدا دەبینییەوە، بۆیە سەرەڕای هەموو لەمپەرەکانی بەردەمی، بڕیاریدا شیعر هەڵبژێرێت و بەردەوام بێت لە نووسین.

حسێنی لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و کەلتورییەکاندا بەتایبەتی لە ئەنجومەنەکانی شاری سنە و سەقز، بەردەوام بەشداریی دەکرد. دوایین چالاکییەکانی ژیلا لە شاری سەقز بوو، کە بە وتارێکی ئەدەبی و توێژینەوە لە کۆنگرەی مەولەویی کورددا بەشداریی کرد.

### کاروانی مەرگی شاعیرانی جوانەمەرگ

ژیلا بە هەمان رێچکەدا رۆیشت کە سوارە ئیلخانیزادە رچەشکێنی بوو. دەکرێت سوارە بە پێشەنگی شیعری نوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بناسین، سوارە لە(خەوە بەردینە)دا زۆر پێوەری باوی شیعری کوردی تێکشکاندووە و پرۆسەی نوێخوازیی شیعری کوردی کە لەسەر دەستی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران دەست پێدەکات، لای سوارە زیاتر پەرە دەستێنێ. ژیلاش یەکێک لە خوێندکارە بە ئەمەکەکانی سوارە بووە. خاڵێکی تری هاوبەشی هەردووکیان ئەوە بووە لە رادیۆ کاریان کردووە لە دوو قۆناغی جیادا .

### سوارە لە رادیۆی کوردیی مهاباد و ژیلا لە رادیۆی کوردیی سنە.

مەرگ لە هەڕەتی گەنجێتیدا بەرۆکی سوارەی گرت و مەرگی سوارە خەساری گەورەی بە ئەدەبی کوردی گەیاند و بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٦ داو لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا سوارە ماڵئاوایی لە ژیانکرد، بەڵام وەک ئەوەی مەرگ لە تەمەنی گەنجیدا بووبێت بە میراتێکی دوای سوارە، بە داخەوە چەند دەنگێکی دیاری شیعری کوردی لەوانە مارف ئاغایی و ژیلا حسێنیش لە تەمەنی گەنجیدا ماڵئاواییان لە ژیانکرد.

ژیلا حسێنی لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٩٦دا، لە کاتێکدا لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو تاران بەڕێوەبوون بۆ بینینی شاعیری ناسراوی کورد شێرکۆ بێکەس، تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بوون و بە داخەوە ژیلا لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا بۆ دواییینجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ژیلا کەم ژیا، بەڵام لە ماوەی کەمی ژیانیدا دوو دیوانە شیعری بە ناوەکانی «گەشەی ئەوین» و «قەڵای راز»ی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. دوو بەرهەم کە تایبەتمەندیی دونیابینی و زمانی شیعری ژیلایان پێوەدیارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## "پرسیار" لە شاعیری خۆشەویست ژیلا حوسێنی، کتێبی گەشەی نەوین:




**شەهلا دەباغی**

**"سەرپۆشە شڕەکەی دایکم**
**دەسبەرداری سەرم نابێ و**
**ئەڵێ: من هی داپیرەتم**
**ڕەنگە ئەویش لە داپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ**
**سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمانە**
**حەزئەکا ڕۆژان میوانداری هەتاو بکات**
**شەوانیش مانگ و ئەستێرە.**
**چاویلکەیەکی قەترانیش لە دایکم بۆ ماوەتەوە**
**ئەڵێ: دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەیبینی**
**لەگەڵ هەر گرمەی هەورێکا، قارچکی سەد پرسیاری**
**دووپات و تازەش**
**لە چاوانما هەڵەتۆقێت".**

**ژیلا حوسێنی کتێبی گەشەی ئەوین ی لە ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوەدەکاتەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە شێعرەکانی ناو ئەو کتێبە لە سەردەمی حکومەتی جمهوری ئیسلامیدا نووسراون. واتە لەم دەورانەدایە کە ژنان دەبێ چارشێو و حیجابیان هەبێ و لە شەقامەکان لەگەڵ نامەحرەم ڕانەوەستن و هتد.**

ژیلا بەو شێعرە کۆنترۆڵ و دەسەڵات لە زاویەی دیدێکی کولتوورییەوە دێنێتە ژێر ڕەخنە. شاڵ و سەرپۆش، کە لە دایەگەورەکانەوە بۆ ژن ماوە، دەست لە سەری شاعیر هەڵناگرن. سەرپۆش کە قژ دادەپۆشێ، سیمبۆلی ئیختێناق و گوشار، بۆ شاعیر هیچ نرخێکی نییە. ئەوە کە ژن دەبێ شێوەیەکی تایبەت لە جلوبەرگی هەبێ، بەشێکە لە مێکانیسمی کۆنترۆڵ لە لایەن پیاوسالاری و دەسەڵاتەوە. چۆنیەتی لیباسدەبەرکردنی منداڵان هەر کە لە دایک دەبن، واتە ئەگەر کوڕ بن لیباسی شین و ئەگەر کچ بن لیباسی سورەتیان دەبەردەکرێ، هەنگاوی هەوەڵە کە کەسایەتی ژنانەبوون/ پیاوانەبوون، دەداتە ئینسانەکان. سەرپۆش کە نیشانەیەکی ژنانەیە، ئیتر بۆ شاعیر نۆرمێکی پیرۆز نییە، بەڵکو ئەو دەخوازێ ئەو نۆرمە کۆنە فڕێ بدا. شاعیر لە ئەو میرات و نۆرمانە کە خودی ژنان هەڵگرییبوون و لە ڕۆڵی دایەگەورەکان فاسیلە دەگرێ و خۆی وەک ئینسانێک/ فاعیلێک دەبینێ، نەک جسمێکی ژنانە کە تەماشاکردنی خەتەربێ. وشەی سەرپۆش بۆ ئەوە دێت کە جێگا بۆ نۆرمێکی تر، واتە ڕزگاری لە قەیدوبەندی جلوبەرگ، خۆشکا. بیۆرک پێی وایە کە ژنانەبوون ئەزموونێکی کۆمەڵایەتییە کە لە جلوبەرگ و زمان و سیستیمدا خۆ نیشاندەدا. ئەوە کە ژن دەبێ جۆرێک لیباس دەبەربکا و جۆرێک بجووڵێتەوە، بەشێکە لەو کەسایەتییە کە دەسەڵاتی پیاوسالار بەسەر ژنی دادەسەپێنێ. ژن دەبێ ژنانە بێ، چونکە دەسەڵات دەخوازێ کە ژنانەبوون وەک شتێکی سرووشتی و زگماکی کە لەگەڵ مروڤ لەدایک دەبێ نیشان بدا، تا بتوانێ دەسەڵات بەپێی جنس دابەش بکا. تەواوی ئەو شتانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ژن ژێردەستە وەمێنێ و سەرپۆش دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن وەک جسم، نەک ئینسان، دەبیندرێ. ئەوە ئەزموونێکە کە پیاوان نییانە.

ژیلا باسی ئەوە دەکا کە چۆن تەنانەت چاویلکە کە بۆ باشتر دیتن دەبێ بەکاربێت، دید و زاویەی بینینی شاعیر دەگۆڕن. ئەو جۆرەی کە دەسەڵات تەنزیمی دەکا. میتۆدی سمیت لە لێکۆلینەوەکانی سەبارەت بە ژیانی ژنان نیشان دەدا کە چۆن ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام دوگانگی تەجرووبە دەکەن. ئەو ئەزموونە دەبێتە کاکڵی هەڵوێست گرتنی ژنان. ژیانی ڕۆژانە لە لایەن هێزەکانی باڵادەست ئۆرگانیزە دەکرێ. شاعیر ناچار دەکرێ کە لە چوارچێوەدا جیهان تەماشا بکا و دەست لە کونجکاوی هەڵگرێ.

کاتێک فۆکۆ دەسەڵات تەوسیف دەکا، نیشان دەدا کە چۆن دەسەڵات پێناسەی کەسایەتی دروست دەکا. فۆکۆ دەڵێ کە ئایدێنتیتی لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات جیا نین. دەسەڵات بەهۆی چاویلکەیەکی ڕەش دەخوازێ جیهان تاریک و تەنگ نیشان بدا، بە چەشنێک کە دیدی شاعیر کەم بێتەوە و خەیاڵەکانی لێ بستێنێ و یان شکڵێکی تریان بداتێ.

بەڵام شاعیر چی هەیە جگە لە پرسیار؟ بە هەر زەختێک، قارچکی پرسیار هەڵ ئەتۆقنەوە و ژنان بەدوای ڕێگاچارە و وڵامدا دەگەڕێن تا کەسایەتییەکی تازە بۆخۆیان سازبکەن.

ئایدێنتیتی حاڵەتێکی ڕاوەستاو/ ثابت و لامتغیر نییە. ئایدێنتیتی پرۆسەیەکە کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و پێکهاتنە. Giddens پرۆفێسۆر لە کۆمەڵناسی، باس لەوە دەکا کە لە جیهانی ئیمڕۆدا، تێکنیکی باڵا، ئامرازی پێوەندی و میدیا، شوێنێکی تایبەتیان هەیە بۆ کارکردن لەسەر ئیندیوید و ئیمکانی تاک بۆ ئەوە کە پێوەندی سازبکا بەبێ ئەوە کە فاکتەرەکانی جێگا و کات، گرفتێک دروست بکەن. فاکس، ساتەلایت، ڕادیو، پێوەندی لەگەڵ ئەوانی دەرەوە و باڵاتر لە هەموان، هێزی خودی خەڵک و ویستیان بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر تاک.

تاکەکان توانایی ئەوەیان هەیە کە سازندەی ژیانی خۆیان بن. لە هەر ساتێک کە ژن لە بەرامبەر پیاوسالاری و دەسەڵاتدا ڕادەوستێ، پرسیارەکان دووبارە و سەدبارە دەبنەوە. وەک تاک، بیر و هۆشی شاعیر، پەنجەرەیەکی ڕوو بە ئاسمانی تێدایە کە دەتوانێ میوانداری هەتاو، مانگ و ئەستێرەکان بکا. پەنجەرەکان دەبێ بکرێنەوە هەتا بیری تازە و نوێ بێتە مەیدان و گەندەڵ و گەنیو بڕۆن. شاعیر بە کەڵکوەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو "دوگانگی"یە، بە سیمبۆلەکانی سەرپۆش، چاویلکە، ئاسمان و پەنجەرە، نیشان دەدا. ئەو دژ بەیەک/تەزادانە، دەبنە هۆی ئازار و ناکۆکی لە دەروون و خەیاڵی کەسەکاندا، کە بە بۆچوونی سمیت دەبنە هۆی پرۆسەی وەدەست هێنانی زانایی و سەرئەنجام هۆی دۆزینەوەی ڕێگاکان.


**دوکتور سەعید پێوەندی**، باس لەوە دەکا کە ڕادەی دانشجویانی کچ لە ئێران زیاتر لە ٦٠%ە. پێوەندی باس دەکا کە کچان هەرچی زۆرتر بۆ لای خوێندن دەڕۆن تا کە ڕێگای بەربەرەکانی بدوزنەوە و ئازادبن. "زانست و خرد"، توانایی بە ئینسانە بێدەسەڵاتەکان دەدا و بەم چەشنە کچان لە ماڵەوە دێنە دەر و تامی ئازادی دەچێژن و دنیای دەرەوە تەجرەبە دەکەن.

**سەرچاوە: "ژنانی شاعیر و دیسکۆرسی فێمێنیستی" شیعری کەژاڵ ئەحمەد و سارا فەقێ خدر و ژیلا وەک نمونە.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩**

## شیعری «ژیلا»

### شێرکۆ بێکەس- بۆ کۆچی دوایی ژیلا حسەینی*



* ژیلا حسەینی ژنە شاعیری سەقزی کە لە ڕۆژی ٢٧ - ٩ - ١٩٩٦ی زایینی(٦ - ٧ - ١٣٧٥هەتاوی)دا هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی دەیانویست بچنە شاری تاران بۆ بینینی شێرکۆ بێکەس، لە ڕێگادا بە ڕووداوی هاتوچوو گیانی لە دەست دەدات.

### ژیلا

سۆزی لاواندنەوەیەک بۆ «ژیلا حوسێنی»
تەنها هەر سەعاتێک ئەبێ
مامزێکی سپیی شیعرم لێ ون بووە!
ئەرێ نازانن لە کوێیە؟!
نەتاندیوە؟!
دەشتێک کەروێشکەی فرمێسکی
لەبەر ئەستێرکێکدا ئەکرد
هات و وتی:

ڕەنگە لەپاڵ کانییەکدا...
ئێستە خەوی لێ کەوتبێ.!
وەک سنەوبەریش خەونێکی
سەوز ببینێ!
ئەوە بۆ دوو سێ ڕۆژ ئەچێ
»ئاواز«ێکی پیرۆزەییم لێ ون بووە.!
ئەرێ نازانن لە کوێیە؟!
ئەرێ کەستان نەتاندیوە؟!
»باڵەبانێ« بەدەم پژانی ئاخەوە
هات و وتی:
ڕەنگە ئێستە لەناو هاژەی مەیلەو شینی
ڕووبارێکدا، بووبێ بە قەڵبەزەی زیوین.
ڕەنگە ئێستە لە کەناری «زرێبار»دا
بووبێ بە تەڵێ وەنەوشە و
بووبێ بە گوڵەمێلاقە و
خەونێکی شینیش ببینێ.!

---

ئەوە بۆ هەفتەیەک ئەچێ
گەواڵە هەورێکی «مۆر»م لێ ون بووە.!
ئەرێ نازانن لە کوێیە!
ئەرێ کەستان نەتاندیوە؟!
»با«یەک بەچاوی تەڕەوە
لە لووتکەوە هاتە خوارێ و
گەیشتە لام و پێی وتم:
ڕەنگە ئێستە بووبێ بە کلوو بەفرێکی
»ئاویەر« و لەسەر گەڵایەک نوستبێ!
ئەشێ بووبێ بە ئاونگی پێڵووی بەرد و
ئەشێ بووبێ بە شەونمی قژی هەرد و
ئەشێ لە دەراڵی کێودا
بووبێ بە زنەی ئەشکەوت و
لە نسێدا بۆ خۆی خەوی لێ کەوتبێ!

لەوانەیشە بووبێتەوە بە هەڵمێک و
تراویلکەی بنارێک و
شوێن پێی خەونی:
عەشقی «مەم»و
«کاکە لاس»ی هەڵگرتبێ.!
---
ئەوە بۆ چەند مانگێک ئەچێ
گوڵ ئەستێرەی بنارێکم لێ ون بووە!
ئەرێ نازانن لەکوێیە؟!
ئەرێ کەستان نەتاندیوە؟!
کەوێکی باڵ داگیرساوی خەمم هات و
بە دەم قاسپەی هەنیسکەوە
گەیشتە بەر پەنجەرەم و
دەنووکێکی دا لە دڵم و
ئەوسا وتی:
ڕەنگە ئێستە بووبێ بە شەوقی چرایەک
لەناو ژووری شاعیرێکدا.
ئەشێ بووبێ بە مۆمی ژوور سەری کانیی.
بە چراوگی دەس گوڵ هەنار.
بە گلۆپی شەقامێک و
ئەشێ بووبێ بە جریوەی پەخشانێک و
ئەشێ بووبێ بە قوتیلکەی بەر هەیوانی چیرۆکێک و
بە تریفەی دیوانێک و
ڕەنگە بووبێ بە ترووسکەی ئاگری شوانی
دووره چیا
لەوانەیە بووبێ بە پەپوولەی نووری
لەناو ڕیشی «مەولەوی»دا و
لەوانەیشە، بووبێ بە قەقنەسێکی گڕگرتوو
لەناو غوربەتی «نالی»دا.
---
ئەوە من بۆ ساڵێک ئەچێ

چاوێکی خۆم لە ڕێی «تاران»لێ ون بووە!
دەنگێکی خۆم
لە پێچەکانی قیرتاوی تاریکیدا لێ ون بووە!
لە تەمتومانی سەفەردا..
»مانگ»ێکی خوێناویی سەرم لێ ون بووە!
هاوار.. هاوار
ئەرێ نازانن لەکوێیە؟ !
ئەرێ توخوا نەتاندیوە؟ !
لەملەکانی «شاهۆ»وە..
پەرییەکی قژ نارنجیی .
نیوەی: شەو و نیوەی: هەتاو..
پەرییەکی شیعری «حافظ»
نیوەی: گوڵ و نیوەی: تەرزە..
کچی تەم و کچی باران..
هات.. داگەڕا و
گەیشتە لام و پێی وتم:
–من خۆم دیومە «ژیلا» بووە بە شەتاوێ
لەو کاوانە و «ژیلا» بووە بە چنووری لەو کەژانە و
»ژیلا» بووە بەماسییەکی باڵداری ناو «زرێبار».
من خۆم دیومە. ئێستە ئەو لەناو هەورایە و
لەسەر کورسیەکی بەرزی ئەرخەوانی دانیشتووە و،
بە گزنگ شیعر ئەنووسێ و کراسێکی ئاودامانی
مانگەشەوی لەبەردایە.
من خۆم دیومە: بووە بەکۆترە شینکەیەک
لەو ماهیانە و مەمی ئەوینێتی و
هەر شەقزنی برینێتی و هەر چاوە چاوی بینینی
باڵای شیعرێکی تۆیەتی و
ملوانکە مووروویی ئەستێرەی لە ملدایە.
من لەلای بووم. من خۆم دیومە:
بە بەیانیان.. سروەیەکی سەرباڵ شینە.
بە نیوەڕوان.. هەتاوێکی ڕەنگ پەمەیی و

بە ئێواران.. تیزماڵکە خوێنی لێواری خۆرنشینە .
ئەو ئەگۆڕێ
هەفتەی جارێ.. ئەبێ بە گوڵەبەڕۆژە .
مانگی جارێ.. ئەبێ بە گوڵی دار هەرمێ و
«خەج»ە و «شەم»ە و ئارام ناگرێ و
هەر کۆچ ئەکا .
دەمێ لەسەر «ئاویەر»ە و
دەمێکی تر لەسەر «گۆیژە».
من خۆم دیومە و ئەم بەیانییە لەلای بووم.
من هاتووم و ڕاسپاردەی خەزانێکی
ئەو بەهارە لەش جنراوەی
ئێوەم لایە:
بە گریانی کاڵا ڕەشی کەس و کارم،
بە هەڵاڵەکانی وشەم: هاوڕێیان،
بە وڵاتی زەرد و سووری خەونەکانم،
بە شارەکەم، گەڕەکەکەم، کۆڵانەکەم،
بە پەڕەسێلکەی تەنیایی و
بە هێلانەی چۆڵ و هۆڵی شیعرەکانم،
بە ژوورە بێوەپیاوەکەم،
بە قوتبی شینی نامۆیی و
بەفری ڕەشی تاراوگەکەی
«شێرکۆ بێکەس» بڵێن، تازە
من چوومەتە ناو قۆزاخەی
سرپەکانی گەردوونەوە و
بووم بە شیعری ئاوریشمینی
بارانی خوا و.. زوبانی خوا و
نایەمەوە!

ستۆکهوڵم

١٩ - ٢ - ١٩٩٧

شێرکۆ بێکەس - دەفتەری شیعری نسێ

## دوو شێعر لە خاتوو ژیلا حوسێنی



### مەرگی هەتاو

کاتێ گوڵێک هەڵ ئەوەرێ
بولبول ئەگری،
لەو کاتەدا، هەتاو ئەمرێ،
دنیا بەرگی رەش ئەپۆشێ.
رووبار ئەمرێ،
زەوی دڵی شەقار شەقار،
لێوی وشک هەڵئەگەڕێ.
تۆ نەتدیوە چۆن خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیا؟!
بۆ مردنی هەر دڵدارێ، دڵدارێکی دڵ پڕ ئەگری و
لەسەر گڵکۆی خۆشەویستی
تاجە گولێنە دائەنێ،
بـــەڵام
کاتێ دڵی من مرد، کەس نەیزانی

کەس لە پرسەی دڵی مندا
فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم، لاشەی بێ دڵی منیان برد
هەڵیان پەراند

------

## شێوەت نەکەم

ئاسمانێ بووی پڕ لە ئەستیرەی روون و گەش
ئێستا لیڵی...، ئێستا مۆنی
خەیاڵی تۆ، بۆ پرچی ئاڵۆزاوی من شانەیەک بوو
ئێسگەی حەوانەوەی حەز و تاسەکانم
دەستەکانت پڕ لە دیاری متمانە بوون.
کە بیری تۆ، وەکو جەردە رێگای هەناسەمی ئەگرت
کوڵمەکانم دائەگیرسان
بەڵام، ئێستا، دەستەکانت بۆنی بیگانانی لێ دێ
"بۆن دێ، بۆن دێ... بۆنی کێ دێ..؟!"
لێم ببورە کە ناتناسم
نازانم تۆم لە کوێ دیوە
شێوەت باش دێتە بەر چاوم
بەڵام... نیگات،
تینی دەستەکانت کوانێ؟!
قەد وەکو جاران نەماوی
نا، ببورە من ناتناسم...
تۆ کێوێکی بە سەر رووباری تاسەما داڕوخاوی.


---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردن و نووسینی وتار و نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe